# أهداف و مناهج التعليم في فلسفة برتراند رسل التربوية

هاوكار حمد خدر

hawkarhamad@gmail.com

وزارة التربية ، حكومة إقليم كردستان – العراق

بتول رضا عباس

قسم الفلسفة، كلية العلوم الإنسانية، راپەڕین-ڕانيه ، حكومة إقليم كردستان - العراق.

dr.batool2010@uor.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: فلسفة التربية، المناهج، التعليم، التفكير النقدي، حرية الفرد

**كيفية اقتباس البحث**

خدر , هاوكار حمد , بتول رضا عباس , أهداف و مناهج التعليم في فلسفة برتراند رسل التربوية ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
**ROAD**

مفهرسة في Indexed
**IASJ**

# Aims and Learning Methods in Bertrand Russell's Philosophy of Education

Hawkar Hamad Khdir [1]

Ministry of Education, Government KurdistanRegion, Iraq

hawkarhamad@gmail.com

Batool Ridha Abbas[2]

Department of philosophy, College of human scinces, University of Raparin-Ranya, sulaimanya, KurdistanRegion, Iraq

dr.batool2010@uor.edu.krd

**Keywords** : philosophy of education, methods, teaching, critical thinking, individual freedom.

**How To Cite This Article**

Khdir , Hawkar Hamad , Batool Ridha Abbas , Aims and Learning Methods in Bertrand Russell's Philosophy of Education ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

Education forms the bedrock of any society. Without proper education, true happiness and peace remain out of reach. Bertrand Russell highlights the need for practical learning and training, emphasizing that the success of society depends on a well-structured educational system. Improper education, on the other hand, causes irreparable harm to society. To prevent this, clear methods must be adopted, since philosophical approaches to teaching guide us step by step toward meaningful goals.

Russell suggests several key methods that should shape education system. Play and enjoyment form a vital foundation of life, through which children learn naturally, and thus must be given serious attention. Therefore, Teachers should avoid both physical and psychological punishment. Instead, kindness and love should replace violence.

Education should be based on open dialogue between teachers and students, rather than the imposition of opinions.

In Russell's view, students should be encouraged to engage deeply with real-world issues, studying them carefully to find solutions in a rational and scientific manner. Education, at its core, is tied to the philosophy of life and the development of society. It becomes the ultimate force behind cultural progress and the progress of society and civilizations.

The definitive aim of Russell's philosophy of education is to foster critical thinking, openness to diverse views, and the ability to present evidence and logical arguments. It seeks to develop individual strengths, intelligence, and skills while fostering courage and independence. The ideal outcome is a person who can face life's difficulties with resilience, values coexistence, respects differences, and refrains from imposing their views on others. Such individuals, Russell believes, are the foundation of a truly advanced and harmonious society.

**الملخص:**

التربية والتعليم صنوان لايفترقان و يشكلان معا اساساً صلباً يقف عليه المجتمع بكافه ابعاده، مبدأه تربية صالحة لاتحكم تصور مجتمع أو التفكير فيه، تتميز بالسعادة والرفاه والاستقرار لهذا نجد رسل يؤكد باصرار على أهمية التربية و ممارستها وفوائدها التي لا تحصى، فسعادة المجتمع و رفاهيته مرهونتان بشكل أساسي بتربية صحيحة وصائبة لاغبار عليها ، ولايخفى على كل متتبع ما ينجم عن التربية الخاطئة من أضرار تشل حركة المجتمع في السعي نحو أهدافه المرسومة. هذا مايجعل التفكير في أتباع منهج أو مناهج تُصنف بالدقة والموضوعية والعلمية ضرورة لا مناص عنها بغية ارساء بنية قاعدية صلدة تضمنها التربية المنشودة. هذا ما أكد عليه فيلسوفنا في بحوثه التربوية-الفلسفية. فالمنهج الصائب والمذهب الصحيح يقربنا بخطوات حثيثه نحو الهدف المنشود بغية أضفاء الطابع العلمي على موضوع التربية والتعليم حيث نجد رسل قد حاول جاهداً ان يجرب مناهج متعددة و طالب بتعميمها وتطبيقها في النظام التربوي والتعليمي لتهيئة الظروف والشروط الضرورية للوصول الى مبتغى هذا النظام المتبع والذي يكون مدعاة لوجود مجتمع مرفه و سعيد ديدنه الخير لاعضائه. ومن جهة أخرى يتطرق رسل الى مسألةالمعلم و تعليم الاطفال والنشئى بصورة علميه و تربوية صالحة كابتعاده عن ممارسة العنف مع الطلاب و هكذا. حيث يتوجب على المعلم ان يلجا ألى أسلوب التعليم الهاديء وتهيئة جوٍ يشعر فيه الطالب بـأنه في أمان و ان المعلم لا يريد سوى مصلحته لأكثر و هذا يتطلب محادثات وديه وأخويه بين المعلم و المتعلم دون ممارسة سلطة فرض الرأي من قبل المعلم لما يؤدي اسلوب فرض الرأي من نتائج عكسيه لاتحمد عقباها. ففي حالة ظهور مشكلات في سياق عملية التربية يجب على المعلم دراستها دراسة عميقة لفهم أبعادها ومهامها ثم ايجاد حل يناسب حجم وطبيعة المشكلة. وهذا ينطبق على مشاكل المجتمع الاجتماعية والتربوية. فالمعضلات التربوية في اطار المجتمع و مؤسساته لاتُفهم بأي شكل من الاشكال بعيدا عن فلسفة الحياة بل ترتبط بها برباط عضوى محكم فالجهود الجادة لحلها أو التخفيف من حدتها ان امكن ينقل المجتمع الى الأمان و يوفر له اسباب السعادة والعيش الرغيد. ففلسفة التربية عند رسل تهدف الى بناء فرد يتمتع بكافة المؤهلات المطلوبه للعيش في مجتمع يتمتع بالحرية والامان و تقبل الرأي الآخر المخالف و تنمية قدراته الجسدية والفكرية والعاطفية . وهذا بدوره يؤدى الى تطور المجتمع وتقدمه نحو أفاق أفضل .



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

# ئامانج و مێتۆدەکانی فێربوون لە فەلسەفەی پەروەردەی بێرتراند ڕاسڵ

**هاوكار حمد خدر**

_hawkarhamad@gmail.com

**وەزارەتی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**بتول ڕضا عباس**

**بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین-ڕانیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.**

dr.batool2010@uor.edu.krd

**پوختە:**

پەروەردە و فێرکردن بناغەی سەرەکی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، هەرگیز بەبێ پەروەردەیەکی دروست کۆمەڵگە بە بەختەوەری و ئارامی ناگات، هەربۆیە بێرتراند ڕاسڵ جەخت لەسەر پەروەردە و ڕاهێنانی سوود بەخش دەکاتەوە، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆشبەختی کۆمەڵگە پەیوەست بە سیستەمێکی پەروەردەی دروست، لەبەرئەوەی پەروەردەیەکی نادروست زیانێکی قەرەبوو نەکراوە بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیەکان پێویستە پەیرەوی مێتۆدێک یان چەند مێتۆدێک بکرێت، چونکە مێتۆد وەک ڕێگە پرینێکی هزری فەلسەفی هەنگاو بەهەنگاو نزیکمان دەخاتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج، ڕاسڵ چەند مێتۆدەیەکی گرنگ دەخاتەڕوو پێیوایە دەبێت لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا پەیرەویان لێ بکرێت، خۆشی و یاری بنەرەتێکی بەهێزی ژیانی منداڵ بەهۆیانەوە فێردەبێت بۆیە دەبێت گرنگی پێ بدرێت و پەیرەوبکرێت، پێویستە فێرکاران خۆیان بەدوور بگرن لە هەر جۆرە سزایەکی جەستەی و دەروونی فێرخوازان، دەبێت خۆشەویستی و میهرەبانی جێگەی توندوتیژی بگرێتەوە، پێویستە لە پرۆسەی فێربووندا پەیرەوی گفتوگۆی هەمەلایەن بکرێت لەنێوان فێرکاران و فێرخوازان نەک سەپاندنی بیروبۆچونەکان، هەروەها گرنگە فێرخوازان بەشێوەیەکی قوڵ لە کێشەکان ڕابمێنن، بەدواداچوونی وردیان بۆبکەن بۆئەوەی بەشێوەیەکی بابەتیانە و زانستیانە چارەسەری کێشەجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بکەن، ئامانجە سەرەکیەکانی پەروەردە پەیوەستە بە فەلسەفەی ژیان و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان بەپێی قۆناغەکان، چونکە دەبێتە هێزی گەشەکردنی کۆمەڵگە و شارەستانیەتەکان، ئامانجی فەلسەفەی پەروەردەی ڕاسڵ بریتیە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پەسەندکردنی بیروبۆچونی جیاوازی یەکتری، هێنانەوەی بەڵگە و ئەرگومێنتی لۆژیکی، پەرەپێدان بەهێز و توانای تاک و زیرەکی و لێهاتووی، پەروەردەکردنی تاکێکی ئازا و ئازاد کە توانای ڕووبەڕووبونەوەی کێشە و ناخۆشیەکانی ژیانی هەبێت، باوری بە پێکەوەژیان و قبوڵکردنی ئەوانی دیکە هەیە، ڕێز لە جیاوازیەکان دەگرێت و هەوڵ نادات کەس بکاتە ژێردەستەی خۆی و بۆچوونەکانی ناسەپێنێت، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو.

**كلیلی وشەكان:** فەلسەفەی پەروەردە، مێتۆد، فێركردن، بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە، ئازادی تاك.

**پێشەكی:**

پەروەردە وەک بابەتێکی بنەڕەتی پەیوەندی بە تاك و كۆمەڵگەوە هەیە، پایەیەكی گرنگی دروستبونی شارستانیەت و گۆڕانكاری و بەرەوپێشچوونە، بۆیە كۆمەڵگە پێشكەوتوەكان پشت ئەستور بە لێكۆڵینەوە فەلسەفیەكانی فەیلەسوفان و زانایان هەوڵیانداوە لەڕێگەی پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردەوە تاكەكان ڕابهێنن و ئاڕاستەیان بكەن بۆ گەیشتن بە ئامانج كە بریتیە لە دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی مۆدێرن و پێشكەوتوو، لەسەرەتایی قۆناغە شارەستانیەتەكان پەروەردەكردن بەشێوەیەكی نارێكخراو جیاوازبوو، خێزان گرنگترین دامەزراوەی پەروەردەی بوو، هەرخێزانە و بەشێوەی تایبەتی خۆی هەوڵی پەروەردەكرن و ئاڕاستەكردنی ئەندامانی خێزانەكەی دەدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی خۆیان دیاریان كردبوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات و دروستبوونی كۆمەڵگەی گەورەی شارستانی سیستەمی پەروەردەی گۆڕانكاری بنەڕەتی بەسەرداهات، بۆ ئەو مەبەستەش پێویست بە دامەزراوەی تایبەتی پەروەردە و مێتۆدی جۆراوجۆر هەبوو بەپێی قۆناغەكان و پێویستیەكانی كۆمەڵگە، بێرتراند ڕاسڵ چەند مێتۆدێكی گرنگی پەروەردەی دیاری دەكات بۆگەیشتن بە ئامانجەكەی، پێیوایە پەروەردەكردن و فێركردن مافی هەموو تاكەكانی كۆمەڵگەیە نەك تەنها چینێكی دیاریكراو(ئەرستۆكراتی) وەكو ئەوەی پێشوتر پەیرەودەكرا، ڕاسڵ هەستی بە بۆشایەكی گەورەی جیهانبینی ئەقڵانی دەكرد، پێیوابوو چارەسەری ئەم كێشەیە تەنها لە ڕێگەی پەروەردەوە دەكرێت، بەهۆی گۆڕانكاری لە جۆری بیركردنەوەی تاكەكان و جیهانبینیان، ئەمەش تەنها لەڕێگەی پەروەردەوە بەدەستدێت، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت گرنگترین ئامانج و میتۆدە پەروەردەیەكانی بێرتراند ڕاسڵ لەبواری پەروەردەدا بخرێتە ڕوو.

**پرسیاری سەرەكی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە ڕوانگەی بێرتراند ڕاسڵەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە:

١.گرنگترین جۆرەكانی مێتۆدی فەلسەفەی پەروەردەی ڕاسڵ چین؟

٢.چۆن دەتوانرێت تاكێكی ئازا و ئازاد پەروەردە بكرێت؟

٣.پەیوەندی نێوان فێركار و فێرخواز پێویستە چۆن بێت؟

٤.گرنگترین ئامانجە پەروەردەیەكانی ڕاسڵ چین؟

٥.بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیركردنەوەی ئازاد چ ڕۆڵێك دەگێرن لە پەروەردەدا؟

**گرنگی توێژینەوە:**

پەروەردە و فێركردن یەكێكە لە بابەتە گرنگ و كاریگەرەكانی ژیانی كۆمەڵاتی لە جیهاندا، كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تەواوی لایەنەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی هەیە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە گرنگترین مێتۆد و ئامانجەكانی پەروەردەی ڕاسل بخرێتەڕوو. ئەو سەردەمەی ڕاسڵ تێیدا ژیاوە بەهۆی كاریگەریەكانی جەنگی جیهانی

دووەم دۆخێکی نالەباری کۆمەڵایەتی دروست بووە، بۆیە لەڕێگەی سیستەمێکی پەروەردەیەوە هەوڵیداوە سەرلەنوێ ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکبخاتەوە، بۆگەیشتن بەو ئامانجە پێشنیاری پەیڕەوکردنی چەند مێتۆدێک دەکات لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن، هەروەها فەلسەفەی پەروەردەی ڕاسڵ کاریگەریەکی زۆری لەسەر پەروەردەی هاوچەرخ بووە، لەم توێژینەوەیەدا پشت ئەستور بە کتێبەکانی ڕاسڵ خۆی و گرنگترین سەرچاوە زانستیەکان بۆچونەکانی لەبارەی پەروەردە خراونەتەڕوو.

**مێتۆدی توێژینەوە:**

هەرتوێژینەوەیەکی زانستی کە ئەنجام دەدرێت پێویستە پەیڕەوی مێتۆدەیەکی دیاریکراو بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، لەم توێژینەوەیدا پەیڕەوی مێتۆدی شیکاری کراوە بۆ شیکردنەوەی تێکستەکانی بێرتراند ڕاسڵ لەسەر پرسی پەروەردە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی گرنگترین بۆچونەکانی بێرتراند ڕاسڵە لەسەر پەروردەکردنی منداڵ، هەروەها خستنەڕووی گرنگی کاریگەری پەروەردە لەسەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی، ئاشنابونمان بەو مێتۆد و شێوازانەی ڕاسڵ لە قۆناغەکانی پەرورەدەکردنی منداڵ دیاریان دەکات.

**کێشەی توێژینەوە:** هەرتوێژینەوەیەکی زانستی پێویستە ئاماژە بە کێشەیەکی گرنگی کۆمەڵگە بکات بە ئامانجی دۆزینەوە و خستنەڕووی چارەسەری پێویست و گونجاو، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئاماژە بە گرنگی و پێویستی پەیڕەوکردنی مێتۆد لە پرۆسەی پەروەردەدا بخرێتەڕوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە گرنگەکانی فەلسەفەی پەروەردە.

**پلانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی مێتۆدەکانی پەروەردەی ڕاسڵ، هەوڵدراوە بۆچونەکانی ڕاسڵ لە بارەی گرنگترین مێتۆدەکانی پەروەردەی فێرخواز کە پێویستە پەیڕەویان لێ بکرێت بخرێنەڕوو، بەشی دووەم بە ناونیشانی ئامانجەکانی پەروەردەی ڕاسڵ، هەوڵدراوە گرنگترین ئەو ئامانجە پەروەردەیانە دەست نیشان بکرێن کە ڕاسڵ لە فەلسەفەی پەروەردەی خۆیدا هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات.

## باسی یەکەم: مێتۆدەکانی پەروەردە

بۆ گەیشتن بە ئەنجامی هەر کارێک پێویستە پەیروی مێتۆدێک بکرێت، ڕاسڵ کۆمەڵێک مێتۆدی خستەڕو کە دەبنە هۆی گەیشتن بە ئامانج لە پەروەردەدا، لە گرنگترین ئەو مێتۆدانەی ڕاسڵ لە پەروەردەدا بەکاری دەهێنێت بریتین لە:

١.خۆشی یاری و کات بەسەربردن.

٢.خۆشەویستی.

٣.سزا (هاندان و سەرزەنشتکردن).

٤.مێتۆدی لەبەرکردن.

٥.مێتۆدی گفتوگۆ و دیبەیت.

٦.مێتۆدی توێژینەوە و بەدواداچون.

٧.وردبینی (قوڵبونەوە).

٨.مێتۆدی ئەرستۆکراتی.

هەریەکێک لەو مێتۆدانە بەشێوازی خۆیان کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەدە و فێرکردن دروست دەکەن، لێرەدا ئاماژە بەو مێتۆدانە دەکرێت کە بەلای ڕاسڵەوە گرنگترینن:

**تەوەری یەکەم: خۆشی یاری و کات بەسەربردن:**

یاریکردن باوترین و سروشتیترین شتە بۆ منداڵ، خۆشەویستی و مەیلی یاریکردن لای منداڵ زۆرە و کۆتایی نایەت، یاریکردن و خۆشی بۆ منداڵان دوو لایەنی گرنگی هەیە: یەکێکیان ئەوەیە لە ڕێگەی یاریەوە شتەکان فێردەبن، ئەوی دیکەیان ئەوەیە یاری خۆشیان پێدەبەخشێت (راسل، ١٣٧٧، ٩٧)، جگە لەوەش یاری هاندەرێکە بۆ چالاککردنی مرۆڤ، هەروەها یاریی لایەنێکی گرنگ و بنەڕەتی ژیانە (راسل، ١٣٤٧، ١١١)، بەپێی بەڵگەی هەندێک لە پسپۆرانی دەرونی و شیکارانی دەرونی، هۆکاری یاریکردن غەریزەی سێکسییە، بەڵام پێویستە بگوترێ یاریکردن خواستێکی سروشتیە بۆ منداڵان (راسل، ١٣٤٧، ١١٢)، واتا یاریکردن هاندەر و پاڵنەرێکی سروشتیە، ئەگەر منداڵ دەستی بە یاریکردن کرد و لەگەڵ گروپی هاوتەمەنی خۆی بەشداری نەکرد پێویستە بزانین منداڵەکە کێشەی هەیە، ئەم کێشەیە پەیوەندی بە خودی منداڵەکەوە هەیە، یان ژینگەی منداڵەکە، پێویستە لە ڕیشەوە چارەسەربکرێت بۆ ئەوەی منداڵەکە

بەشداریی یاریکردن لەگەڵ گروپی هاوتەمەنی خۆیدا بکات. ئەگەر دایکان و باوکان و فێرکاران ئەم بابەتە پشتگوێ بخەن نەک هەر ئەرکی خۆیان جێبەجێ نەکردووە، بەڵکو ڕێگری دەکەن لە گەیشتن بە کەسایەتی ڕاستەقینە و سەقامگیری منداڵ. هەر بۆیە پێویستە لە منداڵان تێبگەن، ئەگەر منداڵێک لەگەڵ گروپەکەدا هەماهەنگ نەبو و نەیتوانی بەشداری بکات لە یاریکردن لەگەڵیاندا دەبێت کێشەکە لە ڕەگەوە چارەسەر بکەن بۆئەوەی منداڵەکە هانبدەن بەشداری بکات، بەهۆی یاریەوە کەسایەتی منداڵ گەشە دەکات، تەنانەت بەهرە و تواناکانی منداڵ زیاتر دەبێت، بۆیە زۆرێک لە دەروناسەکان فێرکاران و فەیلەسوفان جەخت لەسەر ڕۆڵی یاری لە گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ و ناسینەوەی بەهرە و تواناکانیان دەکەنەوە، وەکو ئەفلاتون دەڵێت:"ڕۆڵی یاریکردن نەک تەنها لە گەشەکردن و گرنگیدانە بە لەش و پەروەردەی منداڵان دەردەکەوێت، بەڵکو یاریکردن ئامرازێکە بۆ ناسینی توانا و بەهرەکانیان، بۆیە لە پەروەردەکردنی منداڵدا توندوتیژی بەکارمەهێنن، با فێربون وەکو یاری بێت بۆیان، بەم شێوەیە زۆر باشتر تواناکانیان دەزانین" (نقیب زادە، ١٣٧٤، ٤٤)، لە یاریدا مرۆڤ بونی خۆی نیشان دەدات، لە کەس ناترسێت، بەرگری لە مافی خۆی دەکات، متمانە بەخۆبون بەدەست دەهێنێت، بەهرەکانی دیار دەبن و گەشە دەکەن، فێری ڕێکخستن و گونجان دەبێت، ئەمانە خەیاڵی منداڵان نین هەرچەندە لە یاری منداڵاندا خەیاڵ گرنگە و جێگەی خۆی هەیە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت تەنیا خەیاڵ نابێتە هۆی دروستکردنی یاری، بەڵکو هەق و ڕاستی دەردەبڕدرێن، لەبەر ئەوە ڕاسڵ دەڵێت:"ئامانجی یاری دووشتە، یەکێکیان گەیشتنە بەتوانا و لێهاتوی، ئەوی دیکەیان ئەندێشەکردنە" (راسل، ١٣٤٧، ١١٣).

سەبارەت بە بەهای پەروەردەیی یاریی، بەدەستهێنانی بەهرە و توانای نوێ و پەرەپێدانی کەسایەتی لە گرنگترین لایەنەکانن، فرۆبێل و پێستالۆژی و مۆنتیسۆری لە گرنگترین ئەو کەسانەن جەختیان لەسەر بەهای پەروەردەیی یاری کردۆتەوە، هەروەها ڕاسڵ گرنگی بە بەهای پەروەردەیی یاری دەدات و دەڵێت:"پێویستە هەمو فێرکاران و دایکان و باوکان ستایشی ئەو یارییانە بکەن کە دەبنە هۆی زیادکردنی تواناکان و بەهرەی نوێ، هەروەها دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ" (راسل، ١٣٤٧، ١١٥)، ئەگەر یارییەک ببێتە هۆی ڕێگری کردن لەگەشە و گۆڕانکاری لە منداڵدا پێویستە ڕێگری لێبکرێت و نەهێڵن ئەو یاریانە بکەن، چونکە تەواوی فێربونی منداڵ لەڕێگەی یاریەوە دەبێت، ئەگەر یاریەک ببێتە هۆی فێربونێکی خراپ پێویستە ڕێگریان لێ بکرێت، پێویستە هانبدرێن بۆ ئەنجامدانی ئەو یارییانە دەبنە هۆی چاکەکاری و مرۆڤبون و

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

پەرەپێدانی توانا و کارەکتەری خۆیان، بەمشێوەیە یاری گیانی هاوکاری لە مرۆڤەکاندا دروست دەکات نەک هەستکردن بە کێبرکێ و دوژمنایەتی، ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی نا میهرەبانی و خۆ نمایشکردن لە کۆمەڵگە نەمێنێت و لەجێگای ئەو هاوڕێیەتی و میهرەبانی جێگای بگرێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی گەشەکردنی تاک و کۆمەڵگە (راسل، ١٣٤٧، ١٢٣)، گیان و لەشی منداڵ بۆ گەشەکردنێکی دروست پێویستی بە یاری هەیە، منداڵێک کە دەرفەتی یاریکردنی لەگەڵ منداڵانی تردا نەبێت تورە و ناڕەحەت دەبێت، کەسانی گەورە بینراون لە سەردەمی منداڵیدا ژیانێکی منداڵانەیان نەبووە و وەک کەسێکی گەورە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە ژیانیان ناخۆش بووە، بەمشێوەیە منداڵێک بە هەموو سەرکەوتنەکانیەوە کە لە گەورەیدا بەدەستی هێناون لەژیان ناڕازی بووە، منداڵیک بەو شێوەیە گەورە دەبێت لەوانەیە زانیاری زۆر بەدەست بهێنێت، بەڵام کەسایەتییەکی تەندروستی نابێت، بۆیە پێویستە دایکان و باوکان و سەرپەرشتیارانی فێرگە هانی منداڵان بدەن بۆ یاریکردن بۆ ئەوەی لە ڕووی لەش و دەرونییەوە کەسانی تەندروست بن و کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروست بکەن (راسل، ١٣٧٧، ١٤٤،١٤٥)، بۆیە یاری ئامرازێکی پەروەردەییە لەڕێگەیەوە بەهرە و تواناکان گەشە دەکەن و دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسایەتییەکی تەندروست، بەمشێوەیە گیانی هاوکاری لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبێت، دەبێتە هۆی گەشەسەندنی بەها مرۆییەکان و متمانە بەخۆبونی تاکەکان لەناو کۆمەڵگە.

**تەوەری دووەم: خۆشەویستی:**

وەکو دەزانرێت سۆز و خۆشەویستی بنەمای سەرەکی ئاکاری باش پێکدەهێنن، ئەگەر بمانەوێت تاکێکی خاوەن ئاکاری باشمان لە کۆمەڵگەدا هەبێت ئەوا دەبێت لەو کۆمەڵگەیەدا سۆز و خۆشەویستی ڕیشەی داکوتابێت، ئەشق و خۆشەویستی غەریزەیەکی سروشتیە لە ساتی لەدایک بونەوە پەیدادەبێت (راسل، ١٣٤٧، ١٨٨)، نمونەیەکی خۆشەویستی سروشتی و سۆز لە خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکەی دەبینرێت، دایک ئەوەندە منداڵەکەی خۆشدەوێت بەراورد ناکرێ بە هیچ یاسایەک، چونکە یاسایەکی دروستکراوی مرۆڤ نییە و لە هیچ یاسایەکی مرۆڤایەتی نادۆزرێتەوە، بەڵکو لە یاسای هەمیشەیی ڕەبدا دەدۆزرێتەوە، بۆیە ڕاسڵ دەڵێت:"خۆشەویستی و دڵخۆشی بۆ منداڵ باشترین دیارییە کە سروشت(دیارییەکی ئاسمانی) بە دایکان و باوکانی بەخشیوە، زۆرجاریش بەهۆی ڕەفتارەکانی خۆیانەوە لەم دیارییە ئاگادارنین، ئەمە بە تەنها بەس نییە بە منداڵ بگوترێت پێویستە دایک و باوکت خۆشبوێت و ئەرکی تۆیە، بەڵام هیچ کارێک نەکەم کە ببێتە هۆی دروستکردنی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەم خۆشەویستییە، بۆ ئەو کەسانەی پێیانوایە خۆشەویستی ئەرکە، کەسانێکن هیچ لە هەستی خۆشەویستی تێنەگەیشتون، پەیوەندییەکانیان لەسەر خۆپەرستی و نەبونی هەستی مرۆڤانە دامەزراون" (راسل، ١٣٧٧، ١٣٨،١٣٩)، یەکێک لە کێشە پەروەردەییەکان نەبونی ڕەفتاری خۆشەویستانەیە لە پۆلدا لە نێوان فێرکار و فێرخوازدا، لە ئەنجامی ئاشنا نەبون بە ڕەفتاری خۆشەویستانە وادەزانن سۆز و خۆشەویستی ئەرکە، بێ ئاگا لەوەی خۆشەویستی ئەرک نییە، بەڵکو خۆشەویستی بەخششێکی ئاسمانییە دەبێت لە نێوان مرۆڤەکاندا بڕژێت بۆ دروستبونی پەیوەندیەک لەسەر بنەمای چاکە، واتا خۆشەویستی ئامرازێکە بەهۆیەوە فێردەبین، ئەوکەسانەی وا تێگەیشتون خۆشەویستی دەبێت ئەرک بێت، یەکەم لە واتای ئەشق و خۆشەویستی خودای تێنەگیشتون، دووەم بە ئەرک زانینی خۆشەویستی لە کرداری خۆشەویستیدا ئەنجامی پێچەوانە دەداتە دەست، ئەو دایک و باوکانەی دەیانەوێت پەسەندکراو و خۆشویستراو ببن دەبێت بە جۆرێک ڕەفتار بنوێن خۆشەویستی تێدا ڕەنگ بداتەوە، دەبێت هەوڵبدەن منداڵەکانیان بە خۆشەویستی پەروەردە بکەن چ لە ڕوی دەرونی و چ لە ڕوی لەشەوە، ئەوە بە تەنها بەس نییە بڵێین منداڵ دەبێت دایک و باوکی خۆشبوێت، بەڵکو لە خۆشەویستی نێوان دایکان و باوکان و منداڵەکاندا هیچ چاوەڕوانییەکی بەرامبەر نییە و نابێت هەبێت، چونکە دایک و باوک منداڵەکە بە بەشێک لە بونی خۆیان دەزانن، لە ئەگەری نەبونی خۆشەویستی لە پەیوەندی نێوان فێرکار و فێرخوازدا نەک تەنها بەها و ئایدیاڵە مرۆییەکان زیانیان پێدەگات، بەڵکو فێربونی فێرخوازان دەگاتە نزمترین ئاست، بەم شێوەیە هێواش هێواش سیستەمی پەروەردەی بەرەو خراپی دەڕوات، بۆیە کۆمەڵگە بەرەو خراپی و لاوازی و مردن دەڕوات، لەسەر ئەم بنەمایە نەبونی خۆشەویستی و سۆز بناغەی خێزان لە ناو دەبات (راسل، ١٣٧٧، ١٥٤).

لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە خێزانییەکان نە پەروەردەی فێرگە و نە تاک کاریگەر نابن، کەواتا خۆشەویستی چ لە ژینگەی خێزان و چ لە ژینگەی فێرگەدا بابەتێکی ناچاریی و گرنگ و پێویستە، چونکە منداڵ بۆ فێربون پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی هەیە ئەگینا زانست بە تەنها دەبێتە هۆی خراپبونی ئاکار و کەسایەتی منداڵ، منداڵێک کە لە ماڵ و فێرگە خۆشەویستی پێ دەبەخشرێت مرۆڤێکی بەهێز و بەتوانا و لێهاتوی لێ دەردەچێت، دەتوانێت جیهانێکی باشتر بونیات بنێت، بۆیە خۆشەویستی پێویستە بۆ ڕێگریکردن لە ڕق و کینە و ناڕەزایی لە منداڵاندا، چونکە ئەم دوو خەسڵەتە دەتوانن وێرانکەربن بۆ کۆمەڵگە (راسل، ١٣٧٧، ١٧٨).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

هەر بۆیە ڕاسڵ خۆشەویستی بە بونیادی ئاکار و تەنانەت زانستیش دەزانێت، دەڵێت زانست و خۆشەویستی پێویستە پێکەوەبن، چونکە بەبێ زانست و ئاگایی خۆشەویستی هیچ هێزێکی نییە، بەبێ خۆشەویستی زانست وێرانکەر دەبێت، بۆیە هەمو شتێک لە پەروەردەی منداڵاندا سەرکەوتو دەبێت کاتێک فێرکار خۆشەویست بێت، بێ خۆشەویستی جیهان دروست نەدەبو تەنانەت ئەگەر دروستیش بوبایە لەسەر هیچ بنەما و بناغەیەک نەدەبو، دەبووە کارەسات بۆ مرۆڤایەتی، لێرەدا بۆ ئەوەی فێرکاران و منداڵان بە شێوەیەکی خۆشەویستی کردار ئەنجام بدەن، پێویستە بەشێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن کە خۆشەویستی و سۆز تێیدا ڕەنگ بداتەوە، بەو پێیەی پێویستە هەوڵبدەن تایبەتمەندی لەش و هزری کە خۆشەویستی و سۆز بەرهەم دەهێنن لە بەرچاوبگرن، دایکان و باوکان نابێت فەرمان بە منداڵ بکەن کە خۆشیان بوێن، بەڵکو پێویستە کارێک بکەن سەرچاوەکانی خۆشەویستی لە ناخی منداڵدا بوروژێنن، خۆشەویستیان بە باشی نەک تەنها بۆ دایکان و باوکان بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی نیشان بدەن، هەر لەبەر ئەوە ڕاسڵ لە جۆرەکانی خۆشەویستی، خۆشەویستی ژن و مێرد، خۆشەویستی منداڵ بۆ دایکان و باوکان و بەپێچەوانەوە بەگرنگ و پێویست دەزانێت.

ئامانجی پەروەردەی ئاکاری لە قۆناغی منداڵیدا بۆ دڵخۆشی و ئازایەتی و ڕاستگۆییە، لەسەر ئەم بنەمایە کاری پەروەردەی ئاکاری بریتیە لە ئازادکردنی سەرچاوەکانی خۆشەویستی (راسل، ١٣٤٧، ١٩٦)، بە ئازادکردنی سەرچاوەکانی خۆشەویستی لە منداڵیدا بە شێوەیەکی سروشتی دەبنە هاورێی هەمو کەسێک و هەموانی خۆشدەوێت، لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەوانی دیکە خۆشەویستی و متمانە و ڕاستی نیشان دەدات، ئەمەش لە ئەنجامی پەروەردەیەکی ڕاستی خوەکان لە قۆناغی منداڵیدا دروست دەبێت، ئەو خاڵەی پێویستە لەسەر سۆز و خۆشەویستی ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە سۆز و خۆشەویستی شتێک نییە بتوانرێت دروست بکرێت، بەڵکو تەنها ئازاد دەکرێت، چونکە خودا سۆز و خۆشەویستی وەک تۆوێک لە بونی مرۆڤدا داناوە، بەجۆرێک دەکرێت ئازاد بکرێت نابێت لەگەڵ ئیرەیی تێکەڵ بکرێت، چونکە ڕەنگە ئیرەیی لە بەرگی خۆشەویستیدا خۆی دەربخات، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت ئیرەیی لە نێوان مرۆڤەکاندا ڕێگری دەکات لە بڵاوبونەوەی سۆز و خۆشەویستی و بۆ هەموان، تەنها لە ڕێگەی شادی و خۆشی و ڕەوشتی باشەوە ڕێگری لە ئیرەی دەکرێت و لەدڵ دەردەکرێتە دەرەوە و سۆز و خۆشەویستی جێگای دەگرێتەوە، مرۆڤ سۆز و خۆشەویستی وەردەگرێت لەگەڵ هیچ شتێک ناتوانرێت بەراورد بکرێت و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هەڵسەنگێندرێت، خۆشەویستی مێتۆدێکە ئەگەر فێرکار نەتوانێت بە شێوازێکی باش پێشکەشکی بکات، ئەوا نە ئاکار و نە زیرەکی و لێهاتوی بەشێوەیەکی باش و ئازادانە گەشە ناکەن، ئەم خۆشەویستیە نا تەواوە بەشێوەیەکی بنچینەی وەکو ئەوەی ئامانج بێت لە دەرونی منداڵدا جێگیر دەبێت (راسل، ١٣٤٧، ٤٦، ٤٧)، سۆز و خۆشەویستی ناتەواو لە تەمەنی گەورەییدا دەبێتە هۆی دروستبونی کەسایەتییەکی نا هاوسەنگ لە مرۆڤدا، جگە لەوەش جیهانێکی بێ خۆشەویستی و سۆزمان دەبێت، جیهانێک بنەماکانی خێزانێکی داپراو دەبێت، ئەندامانی ڕۆبۆت ئاسا هەوڵی زاڵبون بەسەر ئەوانی تردا دەدەن نەوەک هاورێیەتی و پێکەوەژیان، ئەمەشە وایکردووە ڕاسڵ خۆشەویستی بە یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندنی مرۆڤ بزانێت، پێشکەوتن و گەشەسەندن بێ خۆشەویستی بە بەد و وێرانکەر دەناسێنێت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی(بەپێی بەڵگەکان) ڕۆژئاوا لەگەڵ هەمو پێشکەوتنەکانیدا خاڵییە لە سۆز و خۆشەویستی مرۆڤایەتی، بە زنجیرێک دەست و پێیەکانی خۆی بەستۆتەوە بەهیچ جۆرێک لێی دەرباز نابێت جگە لە کلیلی سۆز و خۆشەویستی، بۆیە پێویستە پەروەردە لە خۆشەویستییەوە ئیلهام وەربگیرێت و بەدواداچون بۆ ئامانجی بە ئاگا هێنانەوەی هەست و سۆز و خۆشەویستی لە منداڵدا بکات، ئەگینا هەتاوەکو پێشکەوتنە زانستییەکان زۆرتربن بەبێ سۆز و خۆشەویستی زیانیان زیاتر دەبێت، جگە لەوەش لە ڕووی دەرونییەوە پێویستە دایکان و باوکان منداڵەکانیان خۆشبوێت و چاوەڕێی هەمان کاردانەوە لە منداڵەکە نەکەن بۆ ئەوەی چێژ وەربگرن، ئەو شتەی دایکان و باوکان لە خۆشەویستی بۆ منداڵەکانیان بەدەستی دەهێنن، گەشەکردن و تەندروستی لەش و هزرییە، دایک و باوک هیچ چاوەڕوانیەکیان نییە تەنها بەگەشەکردنێکی تەواوەتی لەش و هزری پاداشتەکەی وەردەگرنەوە (راسل، ١٣٧٧، ١٥٢).

بەپێی ئەوەی لە پێشوتردا خراوەتەڕوو جیهانی مرۆڤی ئەمرۆ خاڵیە لە سۆز و خۆشەویستی، چونکە لەبری سۆز و خۆشەویستی دوژمنایەتی و خۆپەرستی و ڕق و کینە و هەوڵی زاڵبون بەسەر یەکتری جێگەی گرتۆتەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی ئاکاری(پەروەردەی کەسی-من)، ئەگەر پەروەردەی سەرەتایی منداڵ بە شێوازی دروست ئەنجام بدرێت ئازایەتی و ڕاستگۆیی لە منداڵدا بونی دەبێت، بە خۆشەویستییەوە ئازایەتی و ڕاستگۆیی لە بونی مرۆڤدا جێگیر دەبێت و دەبێتە بەشێک لە کەسایەتی سەقامگیری مرۆڤ، لە کاتی فێرکردنی منداڵدا دەکرێت خۆشەویستی وەک بە سودترین میتۆد لە سیستمی پەروەردەدا کەڵکی لێ وەربگیرێت، چونکە وەکو

ڕاسڵ دەڵێت:"زانست لە خاوەنی خۆشەویستیدایە نەک خۆشەویستی لە خاوەنی زانستدا" (راسل، ١٣٤٧، ٢١٩)، ئەمەش بەهای خۆشەویستی و بەکارهێنانەکەی دەردەخات، بۆیە پێویستە ڕەفتاری خۆشەویستانە لەگەڵ منداڵەکاندا بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بەوجۆرە ڕەفتاربکەن بەرامبەر بە تاک و مرۆڤایەتی، بەمشێوەیە خۆشەویستی ڕاستەقینە دۆخێک دروست دەکات لە هەمو شوێنێکدا بە هێواشی جێگەی خۆی دەکاتەوە، هیچ کەسێک بەرەنگاری نابێتەوە و هەموان وەڵامێکی ئەرێنی دەدەنەوە ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ چاوەڕێی دەکات و بەرهەمی پەروەردەی ئاکاری دروستە.

**تەوەری سێیەم: سزا(هاندان و سەرزەنشتکردن):**

بە پروای دەروناسان بریتییە لە سزادانی کەسێک و بێزارکردنی دوای ئەنجامدانی کردارێکی بەد بۆ ئەوەی ڕەفتاری باش جێگەی بگرێتەوە (سیف، ١٣٧٧، ٢٤٦)، سزا چ لە دەرونناسی و چ لە پەروەردەدا باسی لێوە دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت لە هیچ یەکێکیاندا پەسند نەکراوە، بە پێچەوانەوە بەکارهێنانیشی ئیدانەکراوە، بەکارهێنانی سزا چ لە فێرگە و چ لە دەرەوەی فێرگە کۆمەڵێک کاریگەری هەیە، پێویستە پەروەردەکاران گرنگی پێبدەن و ئاگاداربن هەتاوەکو دەتوانن خۆیان لە بەکارهێنانی سزا بەدوور بگرن لە هەر بارودۆخێکدا، بۆ ئەوەی کاریگەری خراپ لەسەر فێرخوازان دروست نەکات، بۆچونی ڕاسڵ لە بارەی سزاوە تارادەیەک سەرنجراکێش و جێی مشتومڕە، پێیوایە کاریگەریە لاوەکیەکانی سزادان دەکرێت بەو جۆرەبن:

١.سزا کرداری بەد کەمدەکاتەوە، هەرچەندە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی کاریگەر بێت، بەڵام لە درێژخایەندا کاریگەر نابێت.

٢.لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە، سزا ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی سزادراو ڕقی لە سزادەر بێت.

٣.سزا کردەیەکی گوازراوەیە، ئەوانەی شایەتحاڵی سزادانی خەڵک بون لەلایەن کەسانی ترەوە لە کات و شوێنی دیکەدا خۆیان سزای کەسانی دیکە دەدەن.

٤.گرنگترین کاریگەری خراپی سزادان ئەو شەڕانگێزی و وێرانکارییە لەسەر گیانی مرۆڤی جێی دەهێڵێت و هەمیشە ئازاری دەدات (خطاطبة، ٢٠٢٤، D٩٠).

هەروەها ڕاسڵ باسی لە سزا لە بواری پەروەردەدا کردووە و دەڵێت:"سزای لەش بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە" (راسل،١٣٤٧، ١٥٥)، چونکە سزا کاریگەری خراپی هەیە و زۆر قورسە یان تەنانەت مەحاڵە قەرەبوی بکرێتەوە، کەواتە ئێستا دەبێت چی

بکرێت؟ ئایا پێویستە منداڵەکان هەرچییەکیان بوێت بیکەین؟ ئەگەر ئەمە بکەین منداڵەکان دەبنە مرۆڤی شەڕانگێز و قازانجخواز و ناچالاک و تێکدەر، کەواتە ئەگەر سزا بدرێن چییان بەسەر دێت، چارەسەر چییە؟ ڕاسڵ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دوو هۆکار دەخاتە ڕوو، یەکێکیان دامەزراندنی (ڕێکوپێکی و ڕێکخستن)، ئەوی دیکەشیان بەکارهێنانی (ستایش و سەرزەنشتکردن)، لەم دوو هۆکارە لەڕووی کاتەوە دەبێت دامەزراندنی ڕێکوپێکی و ڕێکخستن پێش ستایش و سەرزەنشتکردن بێت، چونکە بە دامەزراندنی ڕێکوپێکی و ڕێکخستن کەمتر پێویستمان بە ستایش و سەرزەنشتکردن دەبێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارە سەرەتا پێویستە ڕێکخستن و ڕێکوپێکی ڕونبکەینەوە، ڕاسڵ دەڵیت:"گرنگترین شت هاندانی منداڵە بۆ چالاکی و ئەنجامدانی کارەکان، نابێت ڕێگە بدرێت چاوەڕێی کەسانی تربکات لەبری ئەو کارەکان بکەن، نابێت منداڵەکە هەست بکات چەندە بۆ دایک و باوکی گرنگە، دەبێت ڕێگە بدرێت منداڵەکە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت و کارەکانی ئەنجام بدات، لە مێتۆدی نوێدا پێویستە سزا کەم بکرێتەوە لەبری ئەوە پێویستە منداڵ فێری ڕێکخستن بکرێت" (راسل، ١٣٧٧، ٧٢)، هەروەها دەڵێت:"ڕیکخستن و ڕێکوپێکی لە پەروەردە و فێرکردندا گرنگ و کاریگەرە، بۆیە دەبێت منداڵ هەر لەسەرەتایی ژیانەوە فێری ڕێکخستنی خواردن و خەو بکرێت" (راسل، ١٣٧٧، ٧٦)، بەهۆی ڕێکوپێکی و ڕێکخستنەوە منداڵ دەبێتە بەرپرسیار و ئەرکەکانی ڕۆژانەی لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدات، بەم شێوەیە کەسێکی ئازا و چاونەترس و ڕاستگۆ و بەرپرسیار دەبێت و خزمەتی کۆمەڵگە دەکات، هەروەها بەهۆی ڕێکخستنەوە منداڵان ئازاد دەبن و فێری سەرکەوتن و کاری چاکە و خۆ هەڵسەنگاندن و زیرەکی دەبن، بۆیە ڕاسڵ پێیوایە ڕێکخستن پێشمەرجی ئازادی دەرەکی منداڵانە و بە سێ شێوە باسی دەکات:

١.پێیوایە منداڵان دەبێت بە تەواوی ئازادبن، هەرچەندە کە منداڵان زۆریش خراپبن.

٢.پێیوایە منداڵان دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتە باڵاکاندابن، تەنانەت ئەگەر منداڵی باشیش بن. ٣.باوەڕی بە ئازادی منداڵ هەیە، هەتاوەکو ئەو کاتەی ئەم منداڵانە مرۆڤی باش بن (Russell, 1935, 2)، بۆچونی سێیەم لایەنگریی زۆری هەیە کە باوەڕی بە ئازادیی منداڵان هەیە، ئەم ئازادییە دەبێتە هۆی گەشەکردنی زیرەکی و لێهاتویان.

بۆچونێکی دیکە سەبارەت بە سزا پەیوەستە بە ستایشکردن و سەرزەنشتکردن، پێش ئەوەی باسی ستایش و سەرزەنشتکردن بکەین پێویستە ئەوە بیربخرێتەوە سزادان بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە بەتایبەتی لە سیستەمی نوێی پەروەردەیی، لە

ڕابردوودا سزادان بە هۆکارێکی زۆر گرنگ بۆ چاکسازی لە کردار دادەنرا، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەمتر کەسێک باوەڕی بە سزا هەیە، وەکو ئاماژەی پێکرا نەک تەنها لە دەروونناسی بەڵکو لە پەروەردەشدا بە هەمو شێوەیەک سزا بەتایبەت سزای لەشی بەتەواوی ڕێگە پێدراو نییە، بەهەر حاڵ لە هەندێک دۆخدا سزا ڕەنگە پێویست بێت، بەڵام زۆر بەتوندی نا، ئێستا کە بەو ئەنجامە گەیشتوین سزا لە هەندێک حاڵەت پێویستە دەبێت بەشێوەی ستایشکردن و سەرزەنشتکردن ئەنجام بدرێت (راسل، ١٣٤٧، ١٥٦،١٦١)، ئاماژە بەوە دەکرێت سزای کەم پێویستە بۆ سەرپێچیە بچوکەکان، دەبێت سزاکە شتێک بێت منداڵەکە حەزی لێی نەبێت و لێی ناڕەحەت بێت، نەک شتێک بێت کە دڵخۆشی بکات، بۆنمونە فێرخوازێک لە پۆلدا پشێوی دروست دەکات، باشترین چارەسەر بۆ سزادانی ئەوەیە لە پۆل دووری بخەیتەوە، ئەمەش بۆ فێرخوازەکانی تر و تەنانەت خودی فێرخوازەکە خۆشی چێژبەخشە، فێرخوازە تێکدەرەکە دوای ماوەیەک درک بە هەڵەکەی دەکات و پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کردوویەتی و داوای لێبوردن دەکات، چونکە بێ بەشە لەو چێژەی ئەوانی تر چێژی لێ وەردەگرن، بەم شێوەیە پێویستە سزا بەجۆرێک بێت ئەو کەسەی سزا دەدرێت هەست بە چێژ و دڵخۆشی نەکات، بەڵکو هەست بە بێ بەشبون و ناڕەحەتی بکات، چونکە ئەگەر هەست بە خۆشی بکات ئەوە نەک تەنها سزا نییە بەڵکو دەبێتە خو. کەواتە ستایش و سەرزەنشتکردن یەکێکن لە باشترین شێوازەکانی سزادان بۆ منداڵان و تەنانەت بۆ گەورەکانیش، بە مەرجێک سزادەر کەسێکی باش و ڕێزلێگیراو و پەسەندکراو بێت، ئەوا ستایش و سەرزەنشتکردن کاریگەری دەبێت، لە کاتی ستایش و سەرزەنشتکردن باشترە گونجاوبێت لەگەڵ جۆری کارەکەی کە ئەنجامدراوە، واتا ئەو کەسەی کە کارێکی هەڵە دەکات، پێویستە بە پێی ئەو کارە سزا بدرێت نەک سزای لەشیی، چونکە لە کاتی سزادان باشترە ستایش و هاندانی زیاتر بکرێت لە تاوانبارکردن و سەرزەنشتکردن، چونکە سوکایەتی و ئیهانەکردن دوژمنایەتی لە مرۆڤدا دروست دەکات، بە پێچەوانەشەوە هاندان و ستایش دۆستایەتی و گونجاوی دروست دەکات، جگە لەوە پێویستە هاندان بۆ ئەو شتانە بکرێت کە بەها و گرنگییان هەیە، نەک بۆ هەمو کار و کردارێک، چونکە کەسێک بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی سادە چاوەڕێی هاندان دەکات و ئەگەر هان نەدرێت بە سووکایەتی دەزانێت (راسل، ١٣٧٧، ١٣٥).

گرنگترین خاڵ لە ئەنجامی ئەوەی خراوەتە ڕوو ئەوەیە، لە کاتی ستایش و سەرزەنشتکردن کەس نابێت وابیربکاتەوە دەیانەوێت سزای بدەن نەک پەروەردە، بۆنمونە لە کاتی سزادانی کەسێک دەبێت پێی بگوترێت سەیرکە ئەوە ئەو کردارەیە تۆ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەرامبەر ئەوانی دیکە ئەنجامت داوە بۆیە پێویستە کردارەکەت باش بکەی بۆ ئەوەی سزا نەدرێیت، ڕەنگە سزادان وەک مێتۆدەکانی تری پەروەردە کاریگەر نەبێت، بەڵام ئەگەر زیان بە گیان و سۆزی ئەو کەسە نەگەیەنێت کە سزا دەدرێت تاڕادەیەک باش و کاریگەرە، بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە سزای لەشیی ڕێگە پێدراوبێت، نەک هەر سزای لەشیی ڕێگە پێدراو نییە، بەڵکو ڕێگا نەدراوە تەنها لە هەندێک ڕەوشدا سزای بچوک و بەشەکی لەشێوەی ستایش و سەرزەنشتکردن پێویستە و دەبێتە هۆی ڕاستکردنەوەی کردار، سزادان بە تایبەت سزای لەشیی دەبێتە هۆی زیان و کاریگەری خراپ لەسەر منداڵان دروست دەکات، یەکێک لە گرنگترین کاریگەرییە لاوەکییەکانی بریتییە لە شەڕانگێزی، ڕق، دوژمنایەتی، هەر لەبەر ئەم هۆکارە باشترە لە هەر بارودۆخێکدا دوور بکەونەوە لە بەکارهێنانی سزا، لەبری ئەوە پێویستە خۆشەویستی و هاورێیەتی و ڕێکوپێکی و ڕێکخستن بەکاربهێنرێت.

**تەوەری چوارەم: مێتۆدی گفتوگۆ و دیبەیت:**

شێوازێکە دەتوانرێت لە هەمو بوارە زانستییەکاندا جێبەجێ بکرێت، دوو کەس یان زیاتر گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەکەن کە بۆچونی جیاوازیان لەسەری هەیە، دەیانەوێت بابەتەکە ڕوونبکەنەوە بەهۆی ئەمەوە دەتوانن بە ڕاستییەکان بگەن، بۆ ئەوەی فێرکاران بە باشی بتوانن بەشداری گفتوگۆ و دیبەیتەکان بکەن، پێویستە فێرکار دۆخێکی گونجاو دروست بکات، دەبێت ئامانج لە دیبەیتەکە ڕونکردنەوەی ڕاستی و هەقیقەتەکان بێت (راسل، ١٣٤٧، ٢٦٣)، بەمشێوەیە فێرخوازان ڕادێن لەسەر ئەوەی هەمیشە لەبەرامبەر ئەو کەسانەی بۆچونی پێچەوانەیان هەیە گفتوگۆ بکەن بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان، پێویستە فێرکار ڕۆڵی ڕێنمایکار بگێڕێت و لایەنگیری هیچیان نەکات، ئەگەر بۆچونێکی گشتی لەناو فێرخوازن دروست بو لەسەر بابەتەکە، ئەوا فێرکار پێویستە لایەنێکی دیکەی بابەتەکە بخاتەڕوو، بڵێت من بۆ مەبەستی گفتوگۆ و دیبەیت ئەم کارە دەکەم، دەبێت بەشداریکردن بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان سەبارەت بە ڕاستییەکان بێت (راسل، ١٣٤٧، ٢٦٤)، دەبێت فێرکار بەم شێوەیە مامەڵەبکات و زەمینەی دیبەیت و گفتوگۆ دابین بکات و خۆی ڕۆڵی ڕێنمایکار ببینێت، بەم شێوەیە فێرخوازان لە ڕێگەی گفتوگۆ و دیبەیتەوە دەگەنە ڕاستییەکان، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش پێویستە دوو خوی ململانێیمان هەبێت، هەروەها دەبێت هانی گفتوگۆی نێوان کوران و کچان بدەین، نابێت ڕێگریان لەبەردەم دروست بکەین هەتا ئەگەر بە گومان و دوودڵبین لەوەی دەتوانن هەقیقەت و ڕاستیەکان بزانن (راسل، ١٣٤٧، ٢٦٨)، کەواتا گفتوگۆ و دیبەیت لە پەروەردە و فێرکرندا مێتۆدێکی زۆر گرنگە، چونکە بەهۆیەوە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

فێرخوازان دەگەن بە ڕاستیەکان و توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەیان دەبێت، هەروەها متمانە بەخۆبونیان زیاتر دەبێت، بە هۆیەوە دەبنە کەسی ڕۆشنفکر و پێگەیشتو و توانای زانینی شتەکانیان دەبێت.

**تەوەری پێنجەم: مێتۆدی توێژینەوە و بەدواداچون:**

ئەم مێتۆدە بە یەکێک لە گرنگترین مێتۆدە سەرەکییەکانی بواری پەروەردە دادەنرێت، ئەم شێوازە لەلایەن جۆن دیوی و ڕاسڵەوە بەکارهاتوە، جۆن دیوی توێژینەوە بە باشترین شێوازی زانستی دەزانێت، ڕاسڵ بەهەمان شێوە پێیوایە:"دوا قۆناغی پەروەردە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە پەروەردەیە بۆ توێژینەوە، بەشێکی زۆری زانست بەم شێوەیە بەدەست دێت" (راسل، ١٣٥١، ١٩٥)، بۆیە پێویستە لە هەمو قۆناغەکانی خوێندندا فێرخوازان هەتاوەکو ئەو جێگایەی دەتوانن کاری خۆیان ئەنجامبدەن، دەبێت فێرخوازان خو بە کاری تاکە کەسیەوە بگرن، زیاتر دەرفەتی لەوێدا دەبێت بەهۆی ئەوەی لە کاری گروپیدا دەرفەتی کەمتر دەبێت، هەرچەندە هیچ ڕێگەیەکی تر نییە بۆ ئەنجامدانی کاری تاکەکەسی لە ژورێکدا، دەبێت کتێبخانە و تاقیگەکان بێ کەموکورتی بن، ڕووبەرێکی پێویست و فراوانیان هەبێت، منداڵان کاتێکی زۆر لە کارەکانیان بە خوێندنەوەی ئیختیاری لە بارەی ئەو شتەی دەیانەوێت لەوێدا بەسەردەبەن، بەڵام ئەوە کاری فێرخوازانە وەسفی ئەو شتانە بنوسن کە دەخوێنەوە و پوختەی ئەو زانیاریانەی بە دەستیان هێناوە دەیخەنەڕوو، ئەمەش نەک هەر دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی فێرخوازان چالاک بن، بەڵکو وایان لێدەکات باشتر فێربىن، هەر لەبەر ئەم هۆکارە لە هەرشوێنێک بتوانرێت فێرکاران زیاتر لایەنێکی باڵا دەستیان هەیە نەک لایەنێکی ملکەچ بوو نا چالاک (راسل، ١٣٤٧، ٢٤١)، بۆیە لە مێتۆدی توێژینەوەدا ڕەنگە فێرخوازان هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بدەن کە فێرکار خستویەتیەڕوو، تەنانەت لەوانەیە چەند ڕێگا چارەسەرێک بخەنەڕوو بۆ ئەوەی بە ئەنجامێک بگەن، لەسەر ئەم بنەمایە فێرکار دەبێت خۆی پلان بۆ چارەسەری کێشەکە دابنێت، بۆ ئاشناکردنی فێرکاران بە مێتۆدەکانی توێژینەوە پێش هەمو شتێک پێویستە فێرکار دەرفەتێک بۆ فێرخوازان برەخسێنێت، هەریەکێکیان بەشێوەی تاک یان گروپ، بەپێی ئەو ئامراز و کەرەستانەی هەیانە چالاکیەک ئەنجام بدات، چالاکیەک کە لەدەرونی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت، تەنها پێویستە سەرچاوەی ناسینەکە ئازاد بکرێت، بۆ ڕزگارکردنی ئەم سەرچاوەیە هەر لە سەرەتاوە پێویستە فێرکاران و ڕاهێنەران و تەنانەت دایک و باوکی فێرکاران کەسانی چالاک و سەربەخۆ و بەدواداچو ڕابهێنن بۆ پرسەکانی ڕۆژانە وەک کێشە ئاینی و زانستییەکان، پلانیان بۆ دابنێن و لەگەڵیان چارەسەر بکەن، بۆ ئەوەی فێرکاران لەگەڵ

هەوڵ و چالاکیەکانیان ڕابێن، هەر بۆیە ڕاسڵ جەختی لە گرنگی هەوڵ و کۆششەکان بۆ گەیشتن بە ڕاستی لەڕێگەی مێتۆدی توێژینەوە کردەوە و دەڵێت:" سەرەڕای ئەمەش خاڵێکی گرنگ لەم چوارچێوەیەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە هەمو مامۆستایەکی زانکۆ پێویستە سەرقاڵی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بێت، پێویستە زانیاری تەواو پەیدابکات لەبارەی بابەتەکانی وانەوتنەوە لە هەمو وڵاتان، چالاکی تەواوی هەبێت بۆئەوەی بتوانێت لێهاتوی تەواو لە بواری دەروناسی و پەروەردە و فێرکردن بەدەست بهێنێت، هەر مامۆستایەکی زانکۆ لەنێوانی حەوت ساڵ پێویستە یەک ساڵ مۆڵەتی پێ بدرێت بۆئەوەی ئەو ساڵە لەیەکێک لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵاتی خۆی یان بەواتایەکی دیکە ئەو زانیاریە تازانەی لەدەرەوە پەیدابون بەدەستیان بهینێت" (راسل، ١٣٤٧، ٢٩١)، ئەم ڕوونکردنەوەی ڕاسڵ گرنگی توێژینەوە دەردەخات، لەسەر ئەو بنەمایە دەبینین پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا کێشەی زۆری هەیە و ناتوانێت لە ئاستی چاوەڕوانی فێرخوازان دابێت لە هەمو ئاستەکانی خوێندندا، ئەوەش هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی نەدان بە توێژینەوە، بەداخەوە ساڵانە بڕیکی زۆر کەم لە داهاتی گشتی بۆ توێژینەوە خەرج دەکرێت، کەواتا ئەگەر ئێمە بمانەوێت نەک هەر پەروەردەی وڵاتەکەمان بەڵکو دامەزراوەکانی دیکەش گەشە و پێشکەوتنێکی بەرچاویان هەبێت پێویستە گرنگی بە توێژینەوە بدەین، چونکە وەکو ڕاسڵ دەڵێت:"توێژینەوە بنەمای پێشکەوتنی زانست پێکدەهێنێت" (راسل، ١٣٥١، ١٩٥)، بەبێ توێژینەوەی زانستی و بەشداری زانستی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەدی نایەت، چونکە ئێمە پێمانوایە زانکۆ بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵکە، زانیاری و زانینی نوێ دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵگە، ئەگەر زانین هەمیشە جێگیر بوایە ئەوا ژیان لەشوێنی خۆیدا دەوەستا، دەستخستنی زانیاری پێویستە هەمیشەیی بێت و نابێت بوەستێت، بەدەستهێنانی زانیاری تەنها بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێک نییە، بەڵکو بۆ تێگەیشتن و پێشکەوتنی هەبووەکانە، بۆئەوەی مرۆڤ باشتر لە جیهان تێبگات هەمیشە لە ڕووی تیۆریەوە هەوڵیداوە، بەڵام بۆ لێکۆڵینەوە و گەیشتن بە ڕاستیەکان دەبێت بەشێوەیەکی پراکتیکی ببێت، لەو شوێنانەی پراکتیک پێویست نەبێت دەتوانرێت جێبهێڵرێت، بەڵام توێژینەوە باشترین ڕێگایە بۆ تێگەیشتن لە جیهان و ئەوەی تێیدایە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پەروەردەی وڵاتەکەمان لە ئاستی چاوەڕوانی و پێداویستیەکانی ئەمڕۆ دابین بکات، پێویستە گەنجان بە شێوەیەک پەروەردە بکرێن بتوانن ئەو کێشانەی بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵگەوە دروست دەبن لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەوە چارەسەر بکەن، ئەگەر توانرا ئەوەبکرێت ئامانجی بنەڕەتی پەروەردە و فێرکردن کە بریتیە لە لێهاتویی و خۆپێگەیاندن

بەدی دێت (راسل، ١٣٤٨، ٢٠٣)، بەمشێوەیە هیوامان بە گەشەکردن و گۆڕینی کۆمەڵگە دەبێت، بۆیە پێویستە بەرپرسانی سیستەمی پەروەردە فێرخوازان بەجۆرێک پەروەردە بکەن ببنە کەسێکی چالاک و ئازا و ئازدا و توێژەر، بۆئەوەی کێشەکانی وڵات لەسەر بنەمایەکی زانستی و پشت ئەستور بە توێژینەوەی زانستی چارەسەربکەن.

## باسی دووەم: ئامانجی پەروەردە

ئامانجی پەروەردە ئەنجامی ئەو کارەیە کە چاوەڕێی دەکرێت، بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستی بە میتۆدە، ئەو مێتۆدانەی لە باسی پێشوتر ئاماژەیان پێکرا ئامرازێکن بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان، ئامانجەکانی پەروەردە پێویستە لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە وەربگیرێن، بەجۆرێک ئەم ئامانجانە یارمەتیدەر دەبن بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگە، هەروەها توانای تێگەیشتن بۆ هەمو ئەو کەسانەی بەشداری چالاکییە پەروەردەییەکان دەکەن زیاد دەکات، چونکە ئامانجی ناتەبا و ڕێکنەخراو ناتوانێت ڕینمای چالاکیی مرۆڤەکان بکات، پێویستە هەمو هەوڵەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە بێت کە دەبنە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە نەوەک ئامانجە بێ بایەخەکان، بەڵکو دەبێت گرنگی بدرێت بەو ئامانجانەی دەبنە هۆی گەشەکردن و تێگەیشتن و گۆڕانکاری لە فەلسەفەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، بێگومان پێویستە بگوترێ ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان ئەو مێتۆدە جیاوازانەن کە ڕونکراونەتەوە، پێویستە ئەو ئامانجانە لەبەرچاو بگرین لە ڕووی پەروەردەییەوە دەبنە هۆی گەشەسەندن و زیادکردنی زانیاری، هەر بۆیە دەتوانرێت ئامانجی جیاواز لە کتێبە جیاوازەکانی ڕاسڵ دەربهێنرێت، بۆنمونە لە کتێبی جیهانبینی زانستیدا ئامانجی پەروەردە بەدەستهێنانی زانیاری، پەروەردەکردنی هاوڵاتیەکی باش، پەروەردە بۆ خۆ کۆنترۆڵکردن، پەروەردە بۆ بەڕێوەبردنی ئەوانی تر، پەروەردە بۆ لێکۆڵینەوەیە (راسل، ١٣٥١، ١٩٣-١٩٥)، لە کتێبی هەقیقەت و ئەفسانەدا ئامانجی پەروەردە گرنگیدانە بە توانا و لێهاتوی، پەروەردەی هۆشەکی، ئاشنابون بە ئەدەبیاتی گەورەی جیهانی (راسل، ١٣٤٨، ٢٠٣، ٢٠٥)، بە هەمانشێوە لە کتێبەکانی تریدا ئاماژە بە ئامانجەکانی پەروەردەکراوە، لە گرنگترین ئامانجەکانی پەروەردە، شادی و دڵخۆشی، بوێری و ئازایەتی، هەستیاری و زیرەکی، ڕاستگۆیی لە قسەو کرداردا، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، دڵخۆشی مرۆڤ، گونجان، زانست، خۆشەویستی، پەروەردەکردنی

گیانی، هونەر، پەروەردە بۆ لێکۆڵینەوە، گرنگی ڕێکخستن(خطاطبة، ٢٠٢٤، DVV)، لێرەدا گرنگترین ئامانجەکان باس دەکرێن:

**تەوەری یەکەم: زیندویی و شادی و هێزی ژیان:**

خەسڵەتێکی لەشیی و دەرونییە، بەڵام زیاتر پەیوەندی بە لایەنی لەشەوە هەیە، ئەم سیفەتە تایبەتە بەوکەسانەی تەندروستیەکی تەواویان هەیە (راسل، ١٣٧٧، ٥٠)، لەگەڵ زیادبونی ساڵانی تەمەن ئەو هێزە وردە وردە کەم دەبێتەوە تا لە تەمەنی پیریدا لەناو دەچێت، بەڵام لە منداڵە تەندروست و بەهێزەکاندا بە خێرایی زیاد دەکات تا دەگاتە بەرزترین ئاست ئەمەش پێش ئەوەی تەمەنی منداڵ بگاتە قۆناغی چونە ڤێرگە دەگرێتەوە، چونکە دوای ئەوە بەهۆی خوێندنەوە کەم دەبێتەوە، لە هەر شوێنێک هێزی ژیان و زیندویی هەبێت هەستکردن بە خۆشی و زیندویەتی هەیە، ئەم هێزە چالاکی و بەختەوەری زیاد دەکات و ئازار کەمدەکاتەوە، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی ژیری تەندروست لە مرۆڤدا، جگە لەوەش زیندویی و هێزی ژیان و گرنگی پێدان وابەستەی مرۆڤ بە جیهانی دەرەکی زیاد دەکات، دەبێتە هۆی گەشەکردن و زیادکردنی توانای ئەنجامدانی کارەکان و لەناوبردنی ئیرەی کە هۆکاری بەدبەختی مرۆڤەکانە (راسل، ١٣٤٧، ٤٩)، ئەگەر لە ڕووی لەشەوە مرۆڤ تەندروست و دڵخۆش بێت ئەگەری گەشەکردنی لە ڕووی هزریەوە زۆرە هەر ئەمەش وایکردووە جۆن لۆک بڵێت:"ژیری تەندروست لە لەشێکی تەندروست دایە" (Locke, 1989, 17)، ئەو کەسەی لەڕووی بونیادی ژیان و لەش و هێزی ژیانەوە بەهێزە ئەوا حەزی بۆ شتە جۆراوجۆرەکان زیاد دەکات، دەتوانێت پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ ژینگەکەیدا دروست بکات، توانای ئەنجامدانی کارەکانی بە باشی دەبێت و ئیرەیی لەناو دەبات کە هۆکارەکی نەهامەتی ژیانی مرۆڤە، بۆئەوەی هێزی ژیان و شادی و خۆشی زیاد بکات دەبێت هەر لەسەرەتاوە منداڵان بە تایبەت لەڕووی پەروەردەی کەسیەوە(من)، پەروەردەیەکی باش بکرێن و گرنگیان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی لە ڕووی لەش و شادی سروشتییەوە تەندروست بن.

**تەوەری دووەم: بوێری و ئازایەتی:**

نەبوونی ترس لە مرۆڤدا پێی دەوترێت بوێری و ئازایەتی، چونکە باشترین نمونەی بوێری ئەوەیە نەترسی، یەکێکە لە ئامانجەکانی پەروەردە و بە باشترین ئامانجی پەروەردە دادەنرێت (راسل، ١٣٧٤، ٤٧-٥٠)، نەبونی ترس لە مرۆڤدا هۆکاری دەرکەوتنیەتی بە ئازایەتی و بوێری کە پێویستە هەمو کەسێک هەیبێت، بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوونبکەینەوە سەرەتا پێویستە زنجیرەیەک ترس بخرێنەڕوو، ترس جۆری جیاواز هەیە هەندێک ترس غەریزەین، وەک ترس لە دەنگی بەرز و ترس لە بەرزایی، هەندێک ترسی تر بەدەست هێنراون مرۆڤ لە دەوروبەرەکەیەوە بەدەستی دەهێنێت، ترسە غەریزەییەکان دەتوانرێت لە ڕێگەی ئامۆژگاری و هەندێک شێوازی دەرونییەوە چارەسەر بکرێن و نەهێڵرێن، بەڵام ئێمە باس لە ترسە بەدەست هێنراوەکان دەکەین ئەو ترسانەی ڕەنگە لە دایک و بەخێوکارانەوە بگوازرێنەوە بۆ منداڵ، ئایا دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم ترسانە بکەین یان وازیان لێ بهێنین؟ یاخود لەڕێگەی مێتۆدێکەوە چارەسەری بکەین؟ مێتۆدی بنەڕەتی ئەوەیە دەبێت هەر لە سەرەتاوە پەروەردەیەکی باشی منداڵان بکەین، هەوڵبدرێت گرنگی بە لایەنی تەندروستیان بدرێت، بەخێوکاری ئازا و نەترسیان بۆ دابین بکەین، دەبێت دایکان خۆیان مرۆڤی نەترسبن نەک ترسنۆک، چونکە ئەو ترسە لە دایکەوە دەگوزارێتەوە بۆ منداڵەکەی و لەگەڵی بەردەوام دەبێت، دەبینین هەندێک کەس ترسنۆک و شەرمنن هۆکارەکەی نەبونی بوێری و ئازایەتیە کاریگەری ترس لەسەریان زاڵە (خطاطبة، ٢٠٢٤، D٧٩)، بۆیە دەبێت هەندێک پێوەر لە پەروەردەکردنی تاکەکاندا پەیرەو بکرێن بۆئەوەی کەسێکی نەترس و دلێر و ئازا پەروەردەبکرێت، ئەو پێوەرانەش بریتین لە:

١.باشی و تەندروستی و هێزی ژیان.

٢.ڕێزگرتن لە خۆ.

٣. ژیان بەپێی تێروانیی خۆت.

**١.باشی و تەندروستی و هێزی ژیان**: دەکرێت بگوترێت:" تەندروستی و هێزی ژیان ئەگەر پێویستیش نەبێت پاڵپشتیەکی گرنگی بوێری و ئازایەتیە، لێهاتویی لە کاتی مەترسیدا زۆر گرنگە، بەڵام ئەمە لایەنی تایبەتی ئازایەتییە نەک لایەنی گشتی" (المسند، ١٩٩٠، ٥٥).

**٢.ڕێزگرتن لە خۆ**: یەکێکی دیکەیە لە پێوەرەکان، ڕاسڵ لەبارەیەوە دەڵێت:"هەندێک ناخەکی دەژین و هەندێکی تر تەنها وەک ئاوێنەیەک ئەوە نیشان دەدەن کە ئەوانی تر چی لەبارەیانەوە دەڵێن و چۆن بیریان لێدەکەنەوە ئەوانە هەرگیز ناتوانن بە ڕاستی

ئازابن، چونکە پێویستیان بە ستایشی کەسانی تر هەیە و هەمیشە ترسی لەدەستدانیدان هەیە، هەروەها ئەوانە خۆیان بچوک دەکەنەوە بۆ بە دەستهێنانی ڕێزی کەسانی دیکە"، پەروەردەیەک کە پشت بە فێربونی گوێڕایەڵی و بێ پرسیار دەبەستێت بە نادروست دەزانێت دەڵێت:"ئەو کەسەی لە منداڵیدا فێری فەرمان کردن بووە، کاتێک گەورەش دەبێت فەرمان دەکات، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کەس فێری فەرمانکردن نابێت و کەسیش فەرمانی بەسەردا ناکرێت، ئەمە بە مانای ئەوە نییە لە کاری گروپیدا پێویست بە سەرکردایەتیکردن ناکات، بەڵکو مەبەستەکە ئەمەیە دەبێت توانای هێندەی یەک کاپتنی تۆپی پێبێت، هەمویان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە هەوڵ بدەن، ئامانجێک کە پێویستە لە خۆیانەوە سەرهەڵبدات و بەسەریاندا نەسەپێنرێت" (نقیب زادە، ١٣٧٤، ٢٧٥)، کەسێک ڕێز لەخۆی نەگرێت و هیچ بەهایەک بۆخۆی دانەنێت بەرامبەر ئەوانی تریش وادەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی باوەڕی بەخۆی نەبێت لە ژیاندا، بەوجۆرە گەشە ناکات و پێش ناکەوێت، چونکە هەمیشە گوێڕایەڵ و فەرمان لەوانی دیکە وەردەگرێت.

**٣. ژیان بەپێی تێڕوانیی خۆت:** ڕاسڵ لەم بارەوە دەڵێت:"ئەم بۆچونە بەرزترین ئاستی بوێری و ئازایەتیە، کەسێک هەمو هیوا و خەونەکانی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە ناتوانێ بە هێمنی ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە، چونکە مردن هەمو دونیای هەست و سۆزکان لەناو دەبات، لێرەدا جارێکی تر ڕووبەڕووی نەریتێک دەبینەوە ناچارمان دەکات ڕێگەی ئاسان بگرینەبەر، واتا فێربونی پیرۆزیەکان و فێربین چۆن واز لەهەواو ئارەزووەکان دەهێنین و لەشمان خۆی لە چێژە غەریزەییەکان بەدوور بگرێت بێگومان دەتوانین ئەم کارانە بکەین، بەڵام ئەنجامێکی باش دەست ناکەوێت، لەو شوێنانەی بەناوی پیرۆزیەوە خۆشی لەخۆ حەرام بکەین، بێگومان زۆر ئاسانترە نەوەک ئەوانی تر بە حەرامی بزانن، بەڵام ئیرەیی لە تاریکیدا پاڵ دەنێت و بەرەو ئەو باوەڕەی دەبات کە بەرگەگرتنی ئازارەکان پێگەیەکی بەرز بە مرۆڤ دەبەخشێت، بۆیە سەپاندنی بەسەر مرۆڤەکاندا سەرەتایەکە و ئەم بابەتە بەهای شتەکان پێچەوانە دەکاتەوە و دەگۆڕێت، هەمو شتێکی باش بە خراپ دەردەکەوێت و هەمو شتێکی خراپ بە باش دەردەکەوێت، سەرچاوەی هەمو بۆچونەکان ئەوەیە ئێمە ژیانی خۆمان لە گوێڕایەڵی و فەرمانە نەرێنییەکانی ئەوانی تر بونیات دەنێین نەک بەپێی پەرەپێدان و پەروەردەکردنی مەیلە سروشتی و غەریزەکان" (راسل، ١٣٤٧، ٥٧،٥٦)، لەبەر ئەم هۆکارە سەرچاوەی ئەو هەڵانە ئەوەیە ژیانێکی باش بە تێڕوانینێکی نەرێنی دەپێورێت نەک بە تێڕوانینێکی ئەرێنی، واتا بەدیهێنانی پێداویستییە سروشتییەکان و گۆڕینی ئارەزووە سروشتییەکان



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

بەکەسێک دەکرێت کە بوێری ڕاستەقینەی هەبێت و ئارەزووە مرۆیەکانی ناشارێتەوە (نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٦)، بۆیە پێویستە بەپێی تێروانینی خۆمان بژین، ئەمەش بەرزترین ئاستی بوێریە، بوێری ڕاستەقینە لەو کەسانەدا دەردەکەوێت کە هەمو ئارەزووەکانی مرۆڤیان هەیە و نایشارنەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕەوا تێری دەکەن.

**تەوەری سێیەم: هەستیاری:**

دوو جۆری هەستیاریمان هەیە:

١.پەیوەندی بەلایەنی خۆشی و سۆزداری مرۆڤەوە هەیە(بیرکردنەوەی لەگەڵدایە).

٢.پەیوەندی بە هەستی هاوخەمیەوە هەیە.

هەستیاری پەیوەست بە لایەنی سۆزداری ئاماژەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ڕووی سۆزدارییەوە هەستیارە کاتێک زۆرێک لە هاندەر و پاڵنەرەکان لایەنی سۆزداری بەرهەم دەهێنن و هانی دەدەن، واتا هاندەر و پاڵنەرە جیاوازەکانی خود پەیوەستن بە بیرکردنەوە و تێرامان لایەنی سۆزداری جیاوازی لێدەکەوێتەوە، ئەم ڕێگایە هەمیشە باش نییە، بەڵکو باشیەکەی پەیوەستە بە کاردانەوەی ئەو جۆرە ڕەفتارەی کە لە کەسەکەدا دروست دەبێت (راسل، ١٣٤٧، ٥٨)، واتا ئەوەی باشە ئەوەیە مرۆڤ هەستیار بێت بەرامبەر بە شتە باشەکان و پرسەکانی ژیان بە تایبەتی بەرامبەر بە پرسە ڕاست و دروستەکان نەک بەرامبەر بە پرسە درۆیینەکانی ژیان، لەبەر ئەم هۆکارەش هەستیار بون هەمیشە بە مانای باشی نایەت، بۆنمونە ئەم هە ستیاریە لە منداڵییەوە دەست پێدەکات هەتاوەکو وردە وردە ئارەزوی خواست و داخوازییەکانی دروست دەکات، چێژ لە هاندان و ستایش وەردەگرێت و ڕقی لە سزا دەبێت، ئەگەر خەڵک بەهۆی هاندان و ستایشکردنەوە ژیر بووبان و بە شێوەیەکی ڕاست بیریان کردباوە ئەوا ئەوکەسەی هاندەدرا دەبو بە کەسێکی کامڵ، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی هاندانی کۆمەڵگە بۆ کەسانی نادروستی کۆمەڵگەیە، ئەوا بۆیە ناتوانرێت پێناسە و هاندان وەک پێوەرێکی سەرەکی دیاری بکرێت، بۆیە هەستیاری لە لایەنی سۆزداریەوە خەسڵەتێکە مرۆڤ چ لەڕووی خۆشیەوە یان ناخۆشیەوە بە ڕیگەی زۆر شت، شتی ڕاست یان ناڕاست کاریگەری لەسەری دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەنجامی کارەکەیە واتا ڕەفتارێکی ڕاست.

لایەنێکی دیکەی هەستیاری پەیوەستە بە هاوخەمی، ئەویش دوو جۆری هەیە:

١.مرۆڤ هاوخەمی هەر کەسێکی ئازار چێشتو دەبێت بەبێ ئەوەی سۆزێکی تایبەتی بۆ ئەو کەسە هەبێت.

٢.هەستکردنە بە ئازاری ئەوانی تر بەبێ ئەوەی خۆیان نیشانی بدەن (راسل، ١٣٧٧، ٥٦).

هەستی هاوخەمی یان وردتر بڵێین هاوسۆزی ئەوەیە دڵخۆشبیت بە دڵخۆشی ئەوانی تر، ناڕەحەتبیت بە ناڕەحەتی ئەوانی تر (نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٧)، نەک تەنها لەگەڵ خێزان و کەسە نزیکەکانی خۆت میهرەبان بێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ هەمو مرۆڤەکان میهرەبان بێت، بۆنمونە سەرمایەدارێک ڕەنگە لە ماڵەوە ڕەفتاری باش و میهرەبان بێت لەگەڵ خێزان و کەسوکارەکەی، بەڵام لە شوێنی کاردا لەگەڵ کرێکاراندا میهرەبان نییە، دڵ ڕەق و بێ بەزەییە، ئەوە ئاماژەیە بۆئەوەی ئەو سەرمایەدارە ئاشنا نییە بەخۆشی و ناخۆشی ئەوانی دیکە، نەک تەنها ئاشنا نییە بەڵکو توانای تێگەیشتنیشی نییە ڕەفتاری جیاواز لەنێوان خێزان و ئەوانی تر ئەنجام دەدات، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەتوانرێت بگوترێت کلیلی سەرەکی ئەو کێشەیە تەنها پەروەردەیە، دەتوانێت بە دروستکردنی هەستی هاوسۆزی ڕێگری لە بێبەزەیی و دڵ ڕەقی و نادادی بکات کە زۆر کەسی لەخۆرازی و پەروەردە نەکراو هەیانە.

**تەوەری چوارەم: هزر و پەروەردە:**

هزر یەکێکە لە دەرکەوتەکانی پەروەردە و فێرکردن، کاری پەروەردەش لە ڕاستیدا پەروەردەکردنی هزرە، بێگومان پێناسەی جیاواز بۆ هزر کراوە، بۆنمونە هەندێک هزر بە چالاکیەکی بایۆلۆژی دەزانن کە وا لە مرۆڤ دەکات خۆی لەگەڵ ژینگەدا بگونجێنێت، ڕاسڵ سەبارەت بە هزر دەڵێت:"هزر بریتییە لە توانای بەدەستهێنانی زانین" (راسل، ١٣٤٧، ٦٢)، نەک ئەو زانینەی مرۆڤ پێشتر هەیەتی، بەڵکو ئەو زانینەی لە ئەنجامی هەوڵ و کۆشش و پراکتیکدا بەدەست دەهێنرێت، لێرەدا ئەوە خاڵی جیاکردنەوەی خوی هزر وبیرکردنەوەیە (راسل، ١٣٤٧، ٦٥)، چونکە لەو پێناسەیەدا جیاوازی چالاکیی هزری بۆ بەدەستهێنانی زانین، ئەو زانینەی ڕەنگە مرۆڤ بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی ببێتەوە دەردەکەوێت، هەر بۆیە دەڵێت:"خواستی فێرکردنی تەڵقینی فێرخوازان بۆ بیروباوەڕی دروست و متمانە پێکراو فێرکارانی ناچار کردووە گرنگی نەدەن بە پەروەردەی هزری"، واتا هۆکاری تەڵقین و خو بەربەستێکە لەبەردەم پەروەردەی هزری، ئەگەر تەلقین و خو جێگای هزر بگرنەوە نە جیهان بەرەوپێشەوە دەچێت و نە پێشکەوتن و گەشەکردنی مرۆی بونی دەبێت، لەسەر ئەو بنەمایە چاکەکاری کڵێسا جێگەی زانست و یاسا

زانستییەکان دەگرێتەوە، ئەنجامی ئەوەش دەبێتە هۆی دۆگمای و چەقبەستوی جیهان وەکو سەدەکانی ناوەڕاست.

هزر و گەشەسەندنی یەکێکە لە ئامانجەکانی پەروەردە، لێرەدا مەبەست لە هزر ئەو هزرە نییە کە مرۆڤ بە سەرنجەوە لە پەردەی پەنجەرەی ماڵەکەیەوە ماڵێکی تر ببینێت، بەڵکو ئەو هزرە بنەمای بەدواداچونە کە ئامانجی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری مرۆڤە، هزر بریتییە لە چالاکیەک، مرۆڤ دەتوانێت بەهاوکاری ئەو درکی شتەکان بکات و لێیان تێبگات، نەک هەڵگرتنی زانست و زانیاری بەبێ ئەوەی سودی پێویستی لێی وەربگرێت (راسل، ١٣٧٧، ٥٩)، چونکە بە کەڵەکەبونی زانیاری لە ژێری مرۆڤدا بە تێپەڕبونی کات شتەکان فێردەبێت، دوای ماوەیەک لە بیری دەچێتەوە ئەمەش فێربون نییە بەڵکو لەبەرکردنە، پێچەوانەی زیرەکی و تێگەیشتنە لە بابەتەکان، بۆ پەروەردەی هزری پێویستمان بە گرنگی پێدانە بە لایەنی هونەری هزری، ئەوانیش بریتین لە: بەدواداچون وەک بنەمای هزری و تێرامان و ژیری کراوە، ئەو باوەڕەی پێوایە هەرچەندە بەدەستهێنانی زانین قورسە، بەڵام مەحاڵ نیە پێویستی بە سەبر و ئارامی و هەوڵدان و بە دواداچون و تەرکیز و وردبینی هەیە (نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٨)، غەریزەی بنەڕەتی ژیان ژیر و هزرین و هەستی بە دواداچونە، ئەمەش لە ئاژەڵەکان و مرۆڤدا هەیە، بۆنمونە منداڵێک هەمیشە سندوقێکی بە داخراوی بینیوە کاتێک لەپێش چاوی ئەو دەکرێتەوە زۆر بەوردی سەرنجی دەدات، یان دەروناسێک زۆر بەوردی سەرنجی ڕەفتاری کەسێک دەدات و لەسەر بنەمای ئەو سەرنجدانە بڕیار دەدات، ئەمانە نمونەی بە دواداچونن بزوێنەری سەرەکی ئەو بە دواداچونانە هزری مرۆڤە، ئەمەش جیاوازە لە چاودێری کەسێک کە لە گۆشەی پەنجەرەکەیەوە سەیری ماڵێکی دراوسێی دەکات، چونکە لە یەکەمیاندا زانینی مرۆڤ بە بێ ئامانج دادەنرێت، لە دووەمیشدا بۆچون و سودی کەسی پێوەرە، لەبەر ئەم هۆکارە دەبێت بگوترێ بە دواداچون دەبێت بنەمایەکی زانستی هەبێت، نەک مەبەست و ئامانجی کەسی (راسل، ١٣٧٧، ٦٠)، دەبێت بە دواداچون سەبارەت بە پرسە گشتی و هەمەلایەنەکان بێت، ئەوەش هۆکارێکە بۆ زیادبونی هزرین، پێویستە مرۆڤەکان بە شێوەیەک پەروەردە بکرێن تێڕوانینی گشتی و هەمەلایەنەیان هەبێت نەک بەشەکی، لەبەر ئەم هۆکارەش بەشێک لە فەیلەسوفان ئاماژەیان بەوە کردووە پێویستە چالاکیە فەلسەفیەکان گشتگیر و هەمەلایەنبن، چونکە بیری فەلسەفی و بۆچونی زانستی و داب و نەریت و بیروباوەڕی گشتی و لایەنە هونەریەکانی شیعر و ئەدەبی جیهانی و مرۆڤ و ڕەب، لەبەرچاو دەگرێت و لە لایەن فەیلەسوفەوە لێکدەدرێتەوە (شریعتمداری، ١٣٧٥، ٦٧)،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەم شێوەیە هزر بریتییە لە توانا و بەهرە بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانینی مرۆڤ، دەرکەوتەکانی بریتین لە بە دواداچون، ژیرێکی کراوە، لەسەرخۆی، سەبر و ئارامی، تەرکیز و وردبینی، لەگەڵ خو و تەڵقین، هەندێک پێیان وایە هزر و درککردنی بابەتەکان یەک شتن، لای ڕاسڵ هزر بایەخێکی زۆری هەیە و دەڵێت:"یەکێک لە کەموکورییە گەورەکانی ئاکاری نەریتی بەکەم سەیرکردنی هزرە، یۆنانیەکان ئەو جۆرە هەڵانەیان نەکرد، بەڵام کڵێسا وای لە خەڵک گەیاند هیچ شتێک بەهای نییە جگە لە چاکەکاری، لای کڵێسا چاکەکاری واتا خۆ بەدوورگرتن لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی ناویان لێنابو گوناهـ، هەتاوەکو دۆخێکی لەو شێوەیە بونی هەبێت مرۆڤەکان ناتوانرێت تێبگەیەنرێن، هزر دەتوانێت شتی زۆر لەوە باڵاتر بزانێت لەوەی ئەوان ناویان ناوە چاکەکاری" (نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٧)، هەورەها دەڵێت:"بەبێ هزرین، ناتوانین هیچ لەبارەی جیهانی ئاڵۆزی ئیستا بزانین هەتابگات بە پێشکەوتن، بۆیە من پەروەردەی هزری بە یەکێک لە گەورەترین ئامانجەکانی پەروەردە دەزانم، لەوانەیە وا بیر بکرێتەوە ئەمە خاڵێکە هەموان پەسەندی دەکەن، بەڵام وانییە ئارەزوی دانانی باوەڕ(باوەڕی ئاینی) بەڕاست، وایکردووە فێرکاران پەروەردەی هزری پشتگوێ بخەن" (نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٨)، هزر و ئەرکەکانی ئەوەندە گرنگی هەیە دەتوانێت ڕەخنە لە چاکەکاری ئاینی بگرێت و ڕوونی بکاتەوە بۆ ئەوەی دروستی و نا دروستیەکەی دەربکەوێت، هەروەها هۆکاری سەرەکی ترس نەبونی هزرین و بیرکردنەوەی ئازادە، بۆ نەهێشتنی ترس و جێگرتنەوەی ئازایەتی و دلێری پێویستمان بە ڕۆشنبیری و تێرامان هەیە، باڵاترین لوتکەی ئازادی چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە یەکێکە لە لایەنەکانی پەروەردەی هزریە (Russell, 1935, 2)، هەروەها دانایی لە ئاکار بەرزترە، ئەمەش لایەنێکی تری پەروەردەی هزریە و بەهۆی ئەوەوە بەدەست دێت، بەبی هزر ناتوانرێت لە بارەی ئاکار و چاکەکاری بیربکرێتەوە (Russell, 1954, 2)، تەنانەت ناتوانرێت لە نێوان زانست و زانین و ئاکاردا سنورێکی جیاکەرەوە دابنرێت، بۆیە لەبەر ئەم هۆکارانە پەروەردەی هزری بە ئامانجی سەرەکی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، نەک تەنها دامەزراوە پەروەردەیەکان بەتەنها بەڵکو دەبێت هەمو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە هەوڵی سەرەکی بۆ پەروەردەی هزری بدەن، چونکە هۆکاری پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەیە لەهەمو ڕویەکەوە، بەبێ پەروەردەی هزری جیهان لە دۆخێکی جێگیر و نەگۆڕدا دەمێنێتەوە.

**تەوەری پێنجەم: ڕۆشنگەری:**

بەپێی ئەو پێناسەی ڕاسڵ بۆ پەروەردە دەیکات، چەمکی ئامانجی ژیان لەخۆ دەگرێت، جیهانی دینامیکی دەروناسی یاساکانی گۆڕانکاری ژیری لەخۆدەگرێت ( Russell,

1935, 1)، لەبەشی چەمکی ئامانجەکانی ژیان ئاماژە بە ڕۆشنگەری دەکات، بە یەکێک لە ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردنی دادەنێت و دەڵێت:"ڕۆشنگەری یەکێکە لە ئامانجەکانی پەروەردە دوو لایەنی هەیە، تاک و کۆمەڵایەتی، لایەنی تاک تایبەتمەندی ئاکاری و ژیرەکی لەخۆدەگرێت، تایبەتمەندیە ژیرەکیەکانیش بریتین لە زانینی کەسی و زانینی گشتی و پسپۆری و لێهاتوی و خو و پێکهێنانی بۆچون لەسەر بنەمای بەڵگە، تایبەتمەندی ئاکاریش بریتین لە بێلایەنی و میهرەبانی و خۆ کۆنترۆڵکردن، جگە لەوەش دەڵێت، دەبێت تایبەتمەندییەکی بۆ زیاد بکەین نە ئاکاریە و نە ژیرەکیە، بەڵکو فیسیۆلۆژییە و پەیوەندی بەخولیای ژیانەوە هەیە"، ڕۆشنگەری وەک ئامانجێکی پەروەردەیی تاکەکەسی ئاماژەیە بۆ پری زانیاری کەسی، کارامەیی تایبەتمەند لە پیشە و کارەکەیدا، هاوسۆزی و میهرەبانی لەگەڵ کەسانی دیکە، خۆکۆنترۆڵکردن، لایەنی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتن لە یاسا، دادپەروەری نێوان مرۆڤاکان، ئارامی مرۆڤ، گونجاندنی زیرەکانەی ئامرازەکان لەگەڵ ئامانجەکان (Russell, 1935, 2)، ئەمانە تایبەتمەندی مرۆڤی ڕۆشنبیرن، ڕاسڵ بە هاوڵاتیەکی ڕۆشنبیر ناوی دەبات، هاوڵاتیەک خاوەنی کەسایەتییەکی بەرز و سەقامگیرە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەم لە ڕووی تاکەکەسی و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چالاک و بەرپرسیارە، هەر لەبەرئەوە کەسانێک تەنها یەک لایەنی کەسایەتی لەبەرچاو دەگرن پەسەند ناکات و دەڵێت:"من لەگەڵ ئەوانەی وەک ڕۆسۆم کە هیچ ئامانجێکی جێگیر بۆ پەروەردە دیاری ناکەن، تەنها جەخت لەسەر ژینگە دەکەنەوە وەک سەرچاوەی گەشەکردن، ئەوانەی زۆر تاکگەرایین من لەگەڵ ئەوەدا نیم" (Russell, 1935, 2 )، ڕاسڵ هەردوو لایەنی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بەگرنگ دەزانێت، بۆ ئەوەی کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر لە هەمو ڕوویەکەوە دروست ببێت، هەر بۆیە شارستانیەتی ڕۆژئاوای وەک نمونە وەرگرت و تەنانەت لە گوتەکەی خۆی تێپەڕیکرد، ڕۆشنگەری بە چەمکێکی گشتی و گشتگیر دەزانی، پێیوابو دەبێت هەمو مرۆڤایەتی بەو ئاڕاستەیە بڕوات.

**تەوەری شەشەم: بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:**

یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخ، گرنگەیەکی زۆری پێدراوە لەلایەن فەیلەسوفانی وەک جۆن دێوی و ڕاسڵ و وایت هد و زۆر بیرمەندی تر، لە نوسینەکانیاندا باس لە گرنگی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەکەن وەک یەکێک لە گرنگترین ئامانجە پەروەردەییەکان، کە گرنگە بۆ پرسیارکردن و بیرکردنەوە و سەربەخۆیی هزری، بە تایبەت ڕاسڵ گرنگیەکی زۆری بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە داوە و دەڵێت:"بیرکردنەوە دەبێت دوور بێت لە دوو شت، یەکێکیان هێزی نەریت و ئەوی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

تریان وابەستەیی کەسی"، هەر بۆیە ڕاسڵ باسی ئازادی لە بواری بیرکردنەوەدا دەکات (Russell, 2014)، هەروەها گرنگترین ئازادی بە ئازادی هزری دەزانێت، ئەویش ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیرکردنەوەی ئازاد، بیرۆکەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وەک بنەمایەکی بنەڕەتی لە فەلسەفەی ڕاسڵدا دەردەکەوێت، ئەم بنەمایە لە فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخ بۆتە بابەتێکی گرنگ و بنەڕەتی، چەند شرۆڤەکارێک گرنگییان بە کارەکانی ڕاسڵ داوە، پەیوەست بە تیۆرە پەروەردەییەکانی کە دەبنە پاڵنەری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بۆنمونە (نوام چۆمسکی) گرنگی بە چەمکی مرۆڤدۆستی ڕاسڵ دەدات سەبارەت بە پەروەردە و دەڵێت:"فێرخواز وەک کەسێکی سەربەخۆ لە ڕێگەی تەلقینەوە هەڕەشەی لێدەکرێت" ( Chomsky, 1991, 366) هەروەها(وودهویس) ئاماژە بە چەمکی گەشەکردن دەکات لە بۆچونی ڕاسڵ سەبارەت بە ئازادی منداڵ لە هەردوو بواری ژیرەکی و ئاکاریدا، دەڵێت" پێویستە ڕێگە بە منداڵ بدرێت لە ڕێگەی ئازادیەکی ڕەها، خۆی بگاتە گەشەی ژیری و ئاکاری، هەرچەندە ئەم گەشەیە لەسەر بنەمای پێداویستیە کەسیەکانی خۆی بێت" (Woodhouse, 1965, 118)، هەروەها (ستاندیش) بەدواداچون بۆ ئەو بۆچونەی ڕاسڵ دەکات، کە پێی وایە پەروەردە توانای هزری یان شێوازی بیرکردنەوەی فێرخوازان دەجوڵێنێت، ڕەخنە لەم بۆچونە دەگرێت و پێیوایە پەروەردە تەنها لایەنی هزری ناگرێتەوە بەڵکو پێویستی بە لایەنی ئاکاری هەیە بۆئەوەی بە ئامانجەکەی خۆی بگات .(Standish, 2017, 38)

**ئەنجام:**

پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان فەلسەفە و پەروەردە و فێرکرندا هەیە، بەجۆرێک فەلسەفەی پەروەردە سەرجەم ئەو بنەما و تیۆر و مێتۆد و چەمکە بنەڕەتیانە لەخۆدەگرێت و دادەڕێژێت کە لەسیستەمی پەروەردە و فێرکرندا پێویستن، فەلسەفەی پەروەردە داڕێژەری سیاسەتی سیستەمی پەروەردەیە لە هەرسەردەمێکدا بەتایبەتی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

لەسەردەمی هاوچەرخدا، دەکرێت بگوترێت هیچ سیستەمێکی پەروەردەی بەبێ فەلسەفەیەکی پەروەردەی بە ئامانج ناگات، فەیلەسوفان بەپێی ئەو قۆناغەی تێیدا ژیاون لەڕێگەی تیۆر و میتۆد و تێروانینی جۆراوجۆر بەشداریەکی کارایان هەبووە لە ئاڕاستەکردنی سیستەمی پەروەردەی سەردەمی خۆیان، چونکە لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە تاک و کۆمەڵگە گەشەدەکەن، لەم توێژینەوەیەدا گرنگترین مێتۆد و ئامانجە پەروەردەی و فەلسەفیەکانی بێرتراند ڕاسڵ ڕونکراونەتەوە، دەکرێت گرنگتریت ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەست هاتوون بەوشێوەیە بخرێنە ڕوو:

١.پەروەردە بە درێژایی میژووی مرۆڤایەتی هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی گەورە و گرنگی کۆمەڵگاکان بووە، ئەم پەرەسەندنە لە ئەنجامی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بووە کە بەسەر کۆمەڵگادا هاتون، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی داهێنان و دۆزینەوە و گەشەکردنی زانست بووە لە بوارە جۆراوجۆرەکان.

٢. ئەرک و ئامانجە بنەڕەتیەکانی پەروەردە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە گۆرانگاری جەوهەری و گرنگیان بەخۆیانەوە بینیوە، فەلسەفەی پەروەردە لە ڕووی تیۆری و هزریەوە بەشداریەکی کارایی پرۆسەی پەروەردە دەکات، بەڵام پەروەردە خۆی لایەنێکی پراکتیکیە، هەمو ئەو لایەنە تیۆریانەی وەک داڕشتنی پرۆگرامەکان و شێواز و مێتۆدەکانی فێرکردن و دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو لەبار لەڕووی تیۆریەوە ئەرکی فەلسەفەیە، جێبەجێکردن و پراکتیزەکردنیان و گەیاندنیان بە فێرخوازان ئەرکی پەروەردەیە.

٣. هیچ کردەیەکی پراکتیکی بەبێ هەبوونی تیۆر و مێتۆدەیەک نابێت، چونکە ئەگەر بابەتێکی پراکتیکی بە تیۆریەک پشت ئەستور نەبێت کاریگەری نابێت، هەروەها ئەگەر تیۆریەک بەشێوەیەکی پراکتیکی شیاوی پراکتیزەکردن نەبێت ئەوا بێزارکەر و بێ سود دەبێت، پراکتیزەکردنی هەر تیۆریەک پێویستی بە میتۆدێک یان چەند مێتۆدێک دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.

٤.ڕاسڵ کۆمەڵێک شێواز و مێتۆد وەکو ئامرازێکی یارمەتیدەر پێشنیار دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیەکانی، هەریەکێک لەو مێتۆدانە بە شێوازی تایبەتی خۆیان کاریگەری دروست دەکەن لەسەر سیستەمی پەروەردە بەگشتی و بەتایبەتی لە پرۆسەی فێربوندا، زۆر ئاستەمە بەبێ پەیرەوکردنی ئەم مێتۆدانە بتوانرێت ئامانجە پەروەردەیەکان بەدی بهێنرێن.

٥.بەهۆی بەکارهێنانی ئەم مێتۆدانە دەتوانرێت توانا و لێهاتویەکانی فێرکاران بدۆزرێنەوە و پەرە بە لێهاتویە جۆراوجۆرەکانیان بدرێت، هەروەها بەهۆیانەوە دەتوانرێت کەسایەتی منداڵان لەڕووی دەروونی و جەستەیەوە زیاتر گەشەبکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی کەسایەتیەکی تەندروست و گرنگ و پێویست بۆ کۆمەڵگە.

٦. هەرکارێک کە ئەنجام دەدرێت بۆ گەیشتنە بە ئامانجێک، بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستمان بە میتۆدە، ئامانجەکانی پەروەردە پێویستە لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە وەربگیرێن، بەجۆرێک ئەم ئامانجانە یارمەتیدەر دەبن بۆ گەشەسەندن و بەرەوپێشچونی ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٧.كۆی گشتی ئامانجە گشتیەکانی پەروەردە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و باشترکردنی شێوازی ژیانە، چونکە ئامانجی ناتەبا و ڕێک نەخراو ناتوانێت ڕینمای چالاکیی مرۆڤەکان بکات، پێویستە هەمو هەوڵەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەبێت کە دەبنە هۆی گەشەکردن و پەروەردەکردن و فێرکردنی تاک نەوەک ئامانجە بێ بایەخەکان، بەڵکو دەبێت گرنگی بدرێت بەو ئامانجانەی دەبنە هۆی گەشەکردن و تێگەیشتن و گۆڕانکاری لە فەلسەفەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.

٨.ئامانجە گرنگەکانی پەروەردە دەبنە هۆی پێگەیاندنی مرۆڤێکی بیرکەرەوەی ڕەخنەگر لەسەر بنەمایەکی زانستی و پشت ئەستور بە بەڵگە و ئەرگومێنتی لۆجیکی، ئەم تاکە پەسەندی جیاوازیەکانی کۆمەڵگە و پێکەوە ژیان دەکات، دەیەوێت بە ئاشتی و ئارامی بژی، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی دیموکراسی لەسەر بنەمای دادپەروەری.

**ليستى سەرچاوەكان:**


ألمسند، عبدالمجيد عبدالتواب شيحة و شيخة عبداللة(١٩٩٠): برتراند راسل فيلسوفا و مصلحا و مربيا، حوليه كلية التربية، الحدد١٢، قطر.

راسل، بيرتراند(١٣٤٧): در تربيت، ت.عباس شرقى، چ٣، انتشارات مؤسسه مطبوعاتى عطائى، تهران

راسل، بيرتراند(١٣٤٨): حقيقت و افسانه، ت.منصور مشكين پور، انتشارات جاويدان، تهران.

راسل، بيرتراند(١٣٥١): جهان بينى علمى، ت.حسن منصور، چ١، انتشارات دانشگاه تهران، تهران

راسل، بيرتراند(١٣٧٧): اموزش و زندگى بهتر، ت.ناهيد فخرايى، انتشارات خوارزمى، تهران.

سيف، على اكبر(١٣٧٧): روانشناسى پرورشى، انتشارات اگاه، تهران

نقيب زاده، مير عبدالحسين(١٣٧٤): نگاهى به فلسفه اموزش و پرورش، انتشارات طهورى، تهران.

Chomsky, N. (1992). *Deterring democracy*: Hill and Wang.

Locke, J. (1996). *Some thoughts concerning education: and, of the conduct of the understanding*: Hackett Publishing.

Russell, B. (1935). Education and discipline. *In praise of idleness and other essays*, 141-147 .

Russell, B. (1954). Knowledge and wisdom. *Collected Papers of Bertrand Russell*, *11*, 452-454 .

Russell, B. (2014). *Understanding History: And Other Essays*: Open Road Media.

Standish, A., & Sehgal-Cuthbert, A. (2017). Disciplinary knowledge and school subjects: UCL IOE Press.

Woodhouse, A. S. (1965). The poet and his faith: religion and poetry in England from Spenser to Eliot and Auden .


List of sources:


Al-Musnad, Abdul Majid Abdul Tawab Shiha and Sheikha Abdullah (1990): Bertrand Russell Philosophers, Reformers and Teachers, Annual of the College of Education, Al-Haddad 12, Qatar.

Russell, Bertrand (1968): In Education, T. Abbas Sharqi, Vol. 3, Ata'i Press, Tehran

Russell, Bertrand (1969): Truth and Fiction, T. Mansour Meshkinpour, Javidan Publications, Tehran.

Russell, Bertrand (1972): Scientific Worldview, T. Hassan Mansour, Vol. 1, Tehran University Press, Tehran

Russell, Bertrand (1998): Education and a Better Life, T. Nahid Fakhrai, Al-Khwarizmi Publications, Tehran.

Seif, Ali Akbar (1998): Educational Psychology, Agah Publishing House, Tehran. Naqibzadeh, Mir Abdolhossein (1995): A Look at the Philosophy of Education and Training, Tahori Publishing House, Tehran.

Chomsky, N. (1992). *Deterring democracy*: Hill and Wang.

Locke, J. (1996). *Some thoughts concerning education: and, of the conduct of the understanding*: Hackett Publishing.

Russell, B. (1935). Education and discipline. *In praise of idleness and other essays*, 141-147 .

Russell, B. (1954). Knowledge and wisdom. *Collected Papers of Bertrand Russell, 11*, 452-454 .

Russell, B. (2014). *Understanding History: And Other Essays*: Open Road Media.

Standish, A., & Sehgal-Cuthbert, A. (2017). Disciplinary knowledge and school subjects: UCL IOE Press.

Woodhouse, A. S. (1965). The poet and his faith: religion and poetry in England from Spenser to Eliot and Auden .